# Judicial guarantees for the protection of political rights (the role of the Iraqi Federal Supreme Court as a sample)

Dldar Abdulwahid Qadir[1], Idrees Qadir Rasool[2]
Faculty of Law, Political Science and Management, Soran University

*DOI: https://doi.org/10.31918/twejer.eli24.02*
*Published: 13/10/2024*

## Abstract

The topic we addressed in this study is judicial guarantees for the protection of political rights, in which we used the analytical approach. In this study, we will focus on the role of the Federal Supreme Court in Iraq in protecting its political rights. For this purpose, we will analyze the decisions issued by this court from a legal perspective, the extent of its impartiality, and whether these decisions are compatible with the laws and constitutions or were issued against the laws and constitutions. The Federal Supreme Court seeks to protect political rights by monitoring the constitutionality of laws, especially those related to political rights. Among the most important decisions issued by the court was the decision to cancel the law extending the mandate of the Kurdistan Regional Parliament and the decision to dissolve the Kurdistan Region's governorate councils. Other decisions of the court included the unconstitutionality of the referendum held in the Kurdistan Region on 9/25/2017, and many other decisions it issued to protect political rights. In order for the Federal Supreme Court to play an effective and major role in protecting the political rights of all Iraqi sects, it must rely on the principle of the independence of the courts in their decisions, and the judges working there must be independent and carry out their work impartially and not submit to pressure from political and regional parties to make decisions according to their interests. The court must also maintain the legal and political balance between all Iraqi sects and not create political, legal and social crises because of its decisions.

***Keywords:*** *political rights, the Federal Supreme Court, independence of the courts, constitutionality of laws.*

# گەرەنتییە دادوەرییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان (ڕۆڵی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقی بە نموونە)

م. ی. دلدار عبدالواحد قادر
فاکەڵتیی یاسا/ زانکۆی سۆران
پ. ی. د. ادریس قادر رسول
فاکەڵتیی یاسا/ زانکۆی سۆران
dldar.qader@soran.edu.iq Idrees.rasul@soran.edu.iq

پوختە

ئەو بابەتەی کە لەو توێژینەوەدا لێکۆڵینەوەمان سەر کردووە، بریتییە لە گەرەنتییە دادوەرییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان، کە تێیدا میتودی شیکاریمان بەکارهێناوە. لەو توێژینەوەدا زیاتر جەخت لەسەر ڕۆڵی دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق دەکەین کە لە پاراستنی مافە سیاسییەکانی، بۆ ئەو مەبەستەش ئەو بڕیارانەی کە ئەو دادگایە دەرکردووە لە ڕووی یاساییەوە شرۆڤەیاندەکەین. ئایا ئەو بڕیارانە تا چەند بەبێ لایەنی دەرچوونە و ئەو بڕیارانە بە گوێرەی یاسا و دەستوور دەرچوونە یان دژی یاسا و دەستوور بوونە.

دادگای باڵای فێدرالی لە ڕێگای چاودێریکردنی دەستووری بوونی یاساکان، بە تایبەتی ئەو یاسایانەی کە پەیوەندیدارن بە مافە سیاسییەکان هەوڵی پاراستنی مافە سیاسییەکان دەدات. لە گرنگترین ئەو بڕیارانەی کە ئەو دادگایە دەرکردوون، بریتییە لە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی درێژکردنەوەی تەمەنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان. هەروەها یەکێکی تر لە بڕیارەکانی ئەو دادگایە بریتییە لە بڕیاری نادەستووریبوونی ئەو ریفراندۆمەی کە لە هەرێمی کوردستان لە ڕێکەوتی 2017/9/25 ئەنجامدرا، چونکە ئەنجامدانی ریفراندۆم یەکێکە لە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان و چەندین بڕیاری تر، کە بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان دەرکراون.

بۆ ئەوەی دادگای باڵای فێدرالی ڕۆڵێکی کاریگەر و سەرەکی لە پاراستنی مافە سیاسییەکانی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقی هەبێت، پێویستە ئەو دادگایە بۆ بڕیارەکانی پشت بە بنەمای سەربەخۆیی دادگاکان ببەستێت و ئەو دادوەرانەی کە لەو دادگایەدا کاردەکەن پێویستە سەربەخۆ بن و بە بێلایەنی کاربکەن و نەکەنەوە لەژێر گوشاری لایەنی سیاسی و هەرێمی کاربکەن، تاکو بە گوێرەی بەرژەوندییەکانی ئەو لایەنانە بڕیاربدەن. هەروەها پێویستە ئەو دادگایە هاوسەنگیی یاسایی و سیاسی لە نێوان هەموو پێکهاتەکانی عێراق بپارێزیت و بە هۆی بڕیارەکانی قەیرانی سیاسی، یاسایی و کۆمەڵایەتی دروست نەبن.

وشە کلیلیەکان: مافە سیاسییەکان، دادگای باڵای فیدرالی، بنەمای سەربەخۆی دادگاکان، چاودێریکردنی دەستووری بوونی یاساکان.

# گەرەنتییە دادوەرییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان (ڕۆڵی دادگای باڵای فیدراڵیی عێراقی بە نموونە)

## 1. پێشەکی

**یەکەم: بەرایی**

دوای سەرهەڵدانی مافەکانی مرۆڤ و ڕێکخستنیان لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیی وڵاتان، بابەتی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی و نشتیمانی وەرگرت. مافەکانی مرۆڤ جۆراجۆرن و لایەنی شارستانی، سیاسی، ئابووری، کلتووری و ڕۆشنبیری لەخۆدەگرێت. یەکێک لە گرنگترین جۆری مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە مافە سیاسییەکان، ئەو مافە چەندین مافی تر لەخۆدەگرێت، پێویستە ڕێکخستنی یاسایی لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی و ناوخۆیی بۆ پاراستنی ئەو مافە دابینبکرێت. یەکێک لە گرنگترین گەرەنتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان بریتییە لە گەرەنتییەکانی دادوەری، کە لەو توێژینەوەدا جەخت لەسەر گەرەنتییەکانی دادوەریی پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکەین.

**دووەم: گرنگیی توێژینەوە:**

بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان بۆ تاکە گرنگیی خۆی هەیە، چونکە بە هۆی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان دەتوانرێت مافەکانی تریش دەستەبەربکرێت. لە لایەکی ترەوە، بە هۆی ئەو مافەوە هاووڵاتییان دەتوانین بەشداری لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان بکەن و خۆیان چارەنووسی خۆیان دیاربکەن، بۆیە بۆ ئەوەی هاووڵاتییان ئەو مافەی خۆیان بەدەستبهێنن، پێویستی بە گەرەنتی هەیە کە یەکێک لە گرنگترین گەرەنتییەکان بریتییە لە گەرەنتییەکانی دادوەری بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان، ئەنجامدانی توێژینەوە لە سەر ئەو بابەتە دەتوانێت گرنگیی خۆی هەبێت بۆ ئەوەی هاووڵاتییان بە هۆی ئەو گەرەنتییەوە مافە سیاسییەکانی خۆیان مسۆگەر بکەن.

**ئامانجەکانی توێژینەوە:**

ئامانجەکانی تویژێنەوە لەسەر بابەتی گەرەنتییەکانی دادوەری بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان خۆی لەو خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

1- ئەو گەرەنتییە دادوەرییانە دیاری دەکرێت کە بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان دانراون.

2- ڕۆڵی چاودێریکردنی دەستووری بوونی یاساکان بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان دیاری دەکات.

3- ڕۆڵی دادگای باڵای فیدرالی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان دیاریدەکەین.

**سێیەم: پرسیارەکانی توێژینەوە:**

ئەو توێژینەوە زانستییە هەوڵێکە بۆ وەڵامدانەوەی گەرەنتییە دادوەرییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان، کە بۆ ئەو مەبەستەش وەڵامی ئەو پرسیارانەی خوارەوە دەدەینەوە:

1- ئەو گەرەنتییە دادوەرییانە چین کە بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان تەرخانکراون؟

2- ڕۆڵی دادگای باڵای فیدرالی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان چیە؟

3- ئایا گەرەنتییە دادوەرییەکان دەتوانین ببنە هۆی پاراستنی مافە سیاسییەکان؟

**چوارەم: کێشەی توێژینەوە:**

یەکێک لە کێشە سەرەکییەکانی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان ئەوەیە کە پێویستە گەرەنتییەکانی پێویستیی دەستووری و دادوەری بۆی دابینبکرێت، بەڵام سەرەڕای جێگیرکردنی مافە سیاسییەکان لە دەستووری عێراقی و بوونی دادگای باڵای فیدرالی، مافە سیاسییەکان ڕووبەڕووی دەستدرێژی دەبنەوە، بۆیە ئەو توێژینەوە هەوڵێکی زانستییە بۆ ئەوەی چارەسەری ئەو کێشانە بکات، کە ڕووبەڕووی پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکان دەبنەوە.

**پێنجەم: میتۆدی توێژینەوە:**

بۆ دیاریکردنی گەرەنتییەکانی دادوەری پاراستنی مافە سیاسییەکان و ڕۆڵی دادگای باڵای فیدرالی لە عێراق بۆ پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکان لە لایەن هاووڵاتییانەوە، میتۆدی شیکاری بەکاردەهێنین بۆ شرۆڤەکردنی گەرەنتییە دادوەرییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان و بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرالی کە سەبارەت بە مافە سیاسییەکان دەریکردوون.

**شەشەم: پێکهاتەی توێژینەوە**

بە مەبەستی ئەنجامدانی توێژینەوەی زانستی لەسەر گەرەنتییە دادوەرییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان، ئەو توێژینەوە دابەشی دوو باسی سەرەکی دەکەین، بە شێوەیەک کە لە باسی یەکەم باسی ناساندنی مافە سیاسییەکان دەکەین و لە باسی دووەم باسی ڕۆڵی دادگای باڵا فیدرالی لەسەر پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکەین و لە کۆتاییدا گرنگترین ئەنجام و پێشنیازەکان دەخەینەڕوو.

## 2. ناساندنی مافە سیاسییەکان

بۆ ئەوەی باسی گەرەنتییە دادوەرییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان بکەین، سەرەتا پێویستە پێناسەی مافە سیاسییەکان بکەین و ڕێکخستنی دەستووری مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی ساڵی (2005) دیاریبکەین، بۆ ئەوە مەبەستەش ئەو باسە دابەشی دوو تەوەرە دەکەین. بە شێوەیەک؛ لە تەوەرەی یەکەم، باسی چەمکی مافە سیاسییەکان دەکەین و لە تەوەرەی دووەم باسی ڕێکخستنی دەستووریی ئەو مافە لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی (2005) عێراقی دەکەین.

### 1.2. چەمکی مافە سیاسییەکان

بۆ دیاریکردنی چەمکی مافە سیاسییەکان ئەو تەوەرە دابەشی دوو لق دەکەین، بە شێوەیەک کە لە لقی یەکەم پێناسەی مافە سیاسییەکان دەکەین و لە لقی دووەم باسی ئامرازەکانی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان دەکەین.

### 1.1.2. پێناسەی مافە سیاسییەکان

**یەکەم: پێناسەی مافە سیاسییەکان:** دەتوانین بڵێین کە بۆ پێناسەی مافە سیاسییەکان جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی دەکرێت بە شێوەیەک، کە مافە سیاسییەکان بریتین لە یەکسانیی هاووڵاتییان بۆ بەشداریکردن لە دەنگدان لە گشت هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکان کە

لەناو دەوڵەتدا ئەنجامدەدرێت. هەروەها بریتییە لە مافی خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجوومەنەکانی نوێنەرایەتیی گشتی و خۆجێیی و مافی بەشداریکردن لە پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و ئەندامبوون لە کۆمەڵەی سیاسی لەخۆیدەگرێت، هەروەها مافی ئەنجامی کۆبوونەوە و ئازادیی ڕادەربڕین لەخۆدەگرێت، بەگوێرەی ئەو مەرجانەی کە بە یاسا دیاریدەکرێت، بەبێ ئەوەی ئەو مافانە بە بیانییەکانی نیشتەجێی ئەو دەوڵەتە بدرێت و مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە و مافی چارەی خۆنووسین بە ئامرازەکانی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان دادەنرێن[1].

هەروەها دەتوانین بڵێین؛ ئەو مافانەن کە بۆ تاکەکان جێگیرکراون، بە هۆی ئەوەی کە ئەو تاکانە بەشێکن لە کۆمەڵەیەکی دیاریکراو (دەوڵەت) و ئامانجی ئەوەیە تاکەکان بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری سیاسی وڵاتەکەیاندا بکەن و مافی خۆپاڵاوتن، دەنگدان، بەدەستهێنانی ئەرکە گشتییەکان، مافی دامەزراندنی حیزبی سیاسی یان ئەندامبوون لە حیزبەکان لەخۆدەگرێت[2]. بە واتایەکی تر، دەتوانین بڵێین کە بریتییە لەو مافانەی کە بە تاکەکان یان کۆمەڵەیەکی دیاریکراوی ناو دەوڵەتێک دراوە، تاکو هەوڵبدەن ئامانجە ڕەواکانیان بەدەستبهێنن، کە ئەو مافانە پەیوەندییان بە ماف و ئازادییەکانی کەسانی تریشەوە هەیە[3]. یان مافی فەرمان لێکراوەکانە بۆ ئەوەی دەستەی حکوومەت پێکبهێنن بە شێوەیەک کە لەگەڵ پێداویستی و بەرژەوندییەکانیان بگونجێت[4].

دەتوانین بڵێین؛ مافە سیاسییەکان ئەو مافانەن کە یاسا بۆ تاکەکان دایدەنێت بۆ ئەوەی بەشداری لە سیستەمی سیاسیی وڵاتەکەیان بکەن و دەسەڵاتدارانی وڵاتەکەیان هەڵبژێرن، بەو شێوەیە مافی بەشداریکردن لە بڕیارەکان و چاودێریکردنی دەسەڵاتەکان بەدەستبهێنن[5]. یان ئەو مافانەن کە بۆ هاووڵاتییانی وڵاتێک دەستنیشانکراون بەبێ ئەوەی بیانییەکان لەخۆبگرێت[6]. ئازادیی سیاسی لە یۆنانی کۆن بە واتای ئەوە دێت کە تاکەکان ئازاد بن لە بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی شارەکەیاندا[7].

---

(1) - د. اسماعيل صعصاع البديري، القيود الخاصة لممارسة الموظف العام لحقوقه السياسية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الثاني، السنة الثامنة، 2016، ص 173.

(2) – عبدالغني بسيوني، نظرية الدولة في الاسلام، الدار الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، 1986، ص 302.

(3) - سهيل حسين الفتلاوي، موسوعة القانون الدولي 3 حقوق الانسان، الطبعة الثالثة، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2010، ص 100.

(4) - د. وودرو ولسن، الحكومة الدستورية في الولايات المتحدة، ترجمة وديع الضبع، الطبعة الثانية، دارالنهوض للدراسات و النشر، مصر، 2018، ص 49.

(5) - د. احمد سرحال، في القانون الدستوري و النظم السياسية، الطبعة الأولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، 2002، ص 95. و د. اسماعيل صعصاع البديري و أمين رحيم حميد، الحماية القضائية لحقوق الموظف السياسية دراسة مقارنة، مجلة اهل البيت، المجلد1، العدد 26، 2020، ص 113.

(6) - د. رحيل محمد غرايبة، الحقوق و الحريات السياسية في الشريعة الاسلامية، الطبعة الاولى، دار المنار للنشر و التوزيع، عمان، 2000، ص 55.

(7) - ايزايا بيولن، الحرية، ترجمة معين الامام، منشورات دار الكتاب، مسقط، 2015، ص 363.

**دووەم : گرنگیی مافە سیاسییەکان:** گرنگیی مافە سیاسییەکان لە مافەکانی تر وەکو مافی ئابووری، کۆمەڵایەتی، ڕۆشنبیری، شارستانی یان هەر مافێکی تر کەمتر نییە، بەڵکو ئەو مافە لە چەند ڕوویەکەوە گرنگیی تایبەتی خۆی هەیە، کە دەتوانین بڵێین ماف و ئازادییە سیاسییەکان پەیوەندییان بە بەرژەوندیی گشتیی سەرجەم هاووڵاتییانی وڵاتەوە هەیە، بە تایبەتی کە بەرژەوندییە گشتییەکان لە ڕووی پلە و گرنگییەوە بەرزترن لە بەرژەوندییە تاکەکەسییەکان، هەروەها فراوانتر و مەترسیدارترن، بۆیە ناکرێت پێشێلی مافە سیاسییەکان بکرێت بە هۆی دابینکردنی مافی ئابووری و کۆمەڵایەتی یان شارستانی[8]. هەروەها ماف و ئازادییە سیاسییەکان پەیوەندییان بە ڕێوشوێنی گەلەوە هەیە، هەوڵدەدەن بەرگری لە خۆیان بکەن لە دژی هەر هەڕەشەیەکی بیانی، چونکە ئەو مافە هەوڵی یەکگرتوویی و سازانی ناوخۆیی دەدات[9].

**سێیەم: تایبەتمەندییەکانی مافە سیاسییەکان:** سەبارەت بە تایبەتمەندییەکانی مافە سیاسییەکان دەتوانین لە چەند خاڵێک کورتیانبکەینەوە، بە شێوەیەک کە تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە خاوەن ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە بن، و ئەو کەسانەی کە ئەو مافە وەردەگرن دەبنە خاوەن کۆمەڵە مافێک، بەڵام لە بەرانبەردا کۆمەڵە ئەرکێکیش دەکەوێتە سەرشانیان، هەروەها ئەو کەسانەی کە ئەو مافە وەردەگرن ناتوانن مامەڵە بەو مافە بکەن[10].

لە لایەکی ترەوە، دەستدرێژیکردنە سەر ئەو مافە، دەبێتە هۆی ڕووبەڕووبوونەوەی بەرپرسیاریەتیی یاسایی، هەروەها مافە سیاسییەکان بۆ میراتکردن نابن، چونکە مافێکی دارایی نییە تاکو وەکو میرات مامەڵە لەگەڵیدا بکرێت. و لە هەموویان گرنگتر ئەوەیە کە ئەو مافە بۆ هەر کەس یان لایەنێک درابێت، پێویستی بە چەندین مەرج هەیە وەکو مەرجی تەمەن، کە ئەوانە بەگوێرەی یاسای وڵاتان ئەو مەرجانە ڕێکدەخرێن[11]. هەروەها مافە سیاسییەکان نابنە شوێنی گرێبەستی بازرگانی و نابێت کڕین و فرۆشتن بە مافە سیاسییەکان بکرێت، چونکە ئەو کارە لە زۆربەی وڵاتان بە تاوان دادەنرێت[12].

---

(8) - د. صدام عبدالستار رشيد، قضية حقوق الانسان في العراق بين النص الدستوري و الواقع العملي و دور المنظمة الامم المتحدة فيها، مجلة المعهد العلمين للدراسات العليا، العدد1 ، 2020، ص 222.

(9) - د. منى كامل تركي، حقوق الانسان و حالة الطواري الاستثنائية في ظل جائحة فيروس كورونا كوفيد 19، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، مصر، 2021، ص 80.

(10) - د. عروبة جبار الخزرجي، القانون الدولي لحقوق الانسان، الطبعة الاولى، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2010، ص 293.

(11) – سيف جاسم محمد مصلح، الانتخاب و الترشيح كحق من الحقوق السياسية للموظف العام، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الحقوق، جامعة الشرق الاوسط، عمان، 2017، ص 21.

(12) - لطيف عبدالحسين موسى، الحقوق السياسي للأقليات الدينية في الدساتير العراقية دراسة مقارنة مع الحقوق السياسية لأهل الذمة في الفكر الاسلامي، مجلة المثنى للعلوم الادارية و الاقتصادية، المجلد 5، العدد 1، 2015، ص 224.

دەتوانین بڵێین کە مافە سیاسییەکان بریتین لەو مافە تاکەکەسییانەی کە بۆ هاووڵاتییان تەرخانکراون تاکو لە چوارچێوەی مافە گشتییەکان پەیڕەوی بکەن و هەر یەک لە مافەکانی هەڵبژاردن، پاڵاوتن، بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیی وڵات، بەشداریکردن لە بڕیاردان، وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان، مافی ئازادیی کۆبوونەوە و ئازادیی ڕادەربڕین و مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامە و مافی چارەی خۆنووسین لەخۆدەگرێت. مافە سیاسییەکان دەبێت بە شێوەی یەکسان بە بێ ئەوەی کە جیاوازی بکرێن بە هۆی ڕەگەز، ئاین، نەژاد، بیروڕای جیاواز و ... جێبەجێبکرێت، و دەسەڵاتەکان نابێت نکوڵی لەو مافانە بکەن، تەنها دەبێت ڕێکخستنی دەستووری و یاسایی بۆ مافە سیاسییەکان بکەن.

## 2.1.2. ئامرازەکانی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان

بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان، بەبێ هەبوونی مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە و مافی چارەی خۆنووسین دەستەبەرناکرێت کە بە دوو ئامرازی یاسایی و سیاسی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان دادەنرێت. بۆیە باسی مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی و لە چوارچێوەی دەستووری عێراقی ساڵی 2005 و یاسای ڕەگەزنامەی ژمارە 26 ساڵی 2006 دەکەین و لە بەشێکی تری ئەو لقە باسی مافی چارەی خۆنووسین دەکەین.

### یەکەم : مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی

دەستەبەرکردنی هەموو ئەو مافە سیاسییانەی کە لە سەرەوە باسمانکرد، بەبێ هەبوونی ڕەگەزنامە بەدەستناهێنرێن، بۆیە هەر وڵاتێک بە یاسای تایبەت بە خۆیان مەرجەکانی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە و لەدەستدانی ڕەگەزنامە دیاریدەکەن. هیچ تاکێک ناتوانێت بە بێ ڕەگەزنامە ڕۆڵی سیاسیی خۆی بگێڕێت، چونکە هاووڵاتییان ناتوانن لە ناوخۆی وڵاتەکەیاندا خاوەن ناوەندێکی یاسایی بن، مەگەر لە ڕێگای بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتەوە نەبێت. ڕەگەزنامە گرنگترین مافی سیاسییە، چونکە بەبێ ڕەگەزنامە ناکرێت باسی هاووڵاتیبوون یان پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکان بکەین[13]. ڕەگەزنامە کاریگەریی زۆری لە ڕووی ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتی هەیە، ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ دروستبوونی ئەرک و ماف بۆ هەڵگری ڕەگەزنامەی ئەو وڵاتە، بەبێ ئەوەی کە هەمان ماف و ئەرک بە بیانییەکان بدرێت، بۆیە دەتوانین بەو شێوەیە باسی کاریگەرییەکانی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە لە ئاستی ناوخۆیی و نێودەوڵەتیدا بکەین[14] :

- گرنگترین کاریگەرییەکانی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە لە ئاستی ناوخۆیدا ئەوەیە کە ئەو کەسە دەتوانێت ببێتە ئەندام لە گەلی سیاسیی ئەو وڵاتە کە یەکێکە لە ڕەگەزەکانی دروستبوونی دەوڵەت، بە هۆیەوە دەتوانێت مافە سیاسییەکانی بەدەستبهێنێت و

(13) - د. علي يوسف الشكري، الدستور العراقي بين المطرقة الدكتاتورية و سندان الديمقراطية دراسة في حقوق و الحريات العامة، مجلة كلية الفقه، المجلد1، العدد 5، 2007، ص 3.

(14) - د. رحيل محمد غرايبة، مصدر سابق، ص ص 63- 64.

بەشداری لە بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتەکەی بکات، جا چ بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بێت. هەروەها مافی بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکان و خۆپاڵاوتن بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران و بەدەستهێنانی ئەرکە گشتییەکانی دەبێت، لە کاتێکدا کە بیانییەکان ئەو مافانەیان نییە، بەڵکو تەنها بۆ ئەو کەسانەیە کە سیفەتی هاووڵاتیبوونیان هەیە، بە پێچەوانەی مافە شارستانییەکان بیانییەکانیش دەتوانن وەریبگرن.

– لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا گرنگترین کاریگەری هەبوونی ڕەگەزنامەی وڵاتێک ئەوەیە، کە وڵاتەکان ئەرکی پاراستنی هاووڵاتییانیان لە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا لەئەستۆدەگرن، ئەگەر لە لایەن دەوڵەتێکی بیانییەوە تووشی زیان بوون، چونکە مافی دەستێوەردانی دیبلۆماسییان دەبێت بۆ ئەوەی داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانە بکەن کە بە هاوڵاتییەکانیان گەیشتووە.

کەواتە دەتوانین بڵێین، کە ڕەگەزنامە پەیوەندییەکی یاسایی، ڕۆحی و سیاسییە لە نێوان تاک و دەوڵەتدا و بەڵگەنامە یان ئەمرازی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانە، لەبەر گرنگیی ئەو مافە، لە سەر ئاستی یاسای نێودەوڵەتی و یاسای ناوخۆیدا وڵاتان ڕێکخستنی یاساییان بۆ کردووە، تاکو هیچ کەسێک لە هیچ وڵاتێک، بە بێ ڕەگەزنامە نەبێت[15].

لە لایەکی ترەوە، لە ڕووی یاساییەوە بۆ پێناسەکردنی هاووڵاتیبوون پشت بە بنەمای ڕەگەزنامە دەبەسترێت، بۆیە ڕەگەزنامە چوارچێوەی یاسایی پێدانی ماف و ئەرکە بۆ هاووڵاتییان، کە گرنگترین ئەو مافانە بە هۆی هاووڵاتیبوون دەدرێتە تاکەکانی بریتییە لە مافی پاراستن و مافە سیاسییەکان وەکو مافی بەشداریکردن لە بەڕێوەبردنی وڵات و هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیی دەوڵەت و ئەنجوومەنی نوێنەران[16].

بەگوێرەی بنەمای ئازادیی وڵاتان لە ڕێکخستنی کاروباری ڕەگەزنامەدا، هەر وڵاتێک دەتوانێت بە یاسای خۆی ئەو کەسانە دیاریبکات کە مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی وڵاتەکەیان هەیە و کەسانی بیانیش دەستنیشانبکات[17]. بۆیە بابەتی ڕێکخستنی ڕەگەزنامە بابەتێکی نشتیمانییە. بەڵام لە بەشێکی زۆر لە ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان جەخت لەسەر بەدەستهێنانی مافی ڕەگەزنامە کراوەتەوە، وەکو جاڕنامەی جیهانی مافی مرۆڤی ساڵی (1948) لە ماددە (15) دەڵێت: هەموو کەسێک مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی هەیە، و ناکرێت هیچ کەسێک لە

[15] - د. محمد یوسف محمید، الاطار الدستوري لتنسم المناصب السيادية و تعدد الجنسية، مجلة جامعة تكريت للحقوق ، السنة 5، المجلد 5، العدد 4، الجزء 2، 2021، ص 150.

[16] - جواد كاظم محسن، المواطنة : الحقوق و الواجبات من منظور إسلامي، مجلة السياسية و الدولية، العدد 18، 2011، ص 433.

[17] - اقبال مبدر نايف، حق الترشيح لمتعدد الجنسية لمجلس النواب، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد8، العدد 1، 2017، ص 338.

بەدەستهێنانی ئەو مافە بێبەش بکرێت[18]. هەروەها لە ماددەی (24) برگەی سێیەمدا لە ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافەکانی شارستانی، سیاسی و ڕۆشنبیری ساڵی (1966) جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو منداڵێک مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی هەیە. لەژێر ڕۆشنایی ئەو بەڵگەنامە نێودەوڵەتییانە، هەموو کەسێک مافی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی هەیە بە بێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان پیاوان و ئافرەتاندا بکرێت[19].

گرنگیی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە جگە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەسەر ئاستی هەرێمیش گرنگی پێیدراوە، بە شێوەیەک کە لە ماددەی (29) لە ڕێککەوتننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ، باسی ئەوە دەکات: کە هەموو کەسێک مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامەی هەیە و ناکرێت ڕەگەزنامە بە شێوەی زۆریلێکردن یان نایاسایی لە هیچ کەسێک وەربگرێت، جگە لەوە پێویستە وڵاتان هەموو ئەو ڕێوشوێنانە بگرنەبەر بۆ ئەوەی منداڵان ڕەگەزنامە بەدەستبهێنن، هەروەها ناکرێت نکۆڵی لەوە بکرێت کە کەسێک ڕەگەزنامەی وڵاتێکی تر بەدەستبهێنێت، بەڵام لەگەڵ ئەوەدا پێویستە ڕەچاوی یاسای ناوخۆیی وڵاتان بکرێت[20].

هەروەها لە ڕێککەوتننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ماددەی (20) باس لە مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە کردووە و بە مافێکی ڕەوای هەر کەسێک دادەنرێت کە لەسەر هەرێمی وڵاتەکەی لەدایکدەبێت، جگە لەوە نابێت کە ڕەگەزنامە بە زۆری لە کەسێک وەربگیرێت یان ناچاربکرێت کە ڕەگەزنامەی خۆی بگۆڕێت[21].

**دووەم : مافی بەدەستهێنانی ڕەگەزنامە لە عێراق**

ڕەگەزنامە لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی حکوومەتی ناوەندییە لە عێراقدا، بۆیە هەرێمی کوردستانیش وەکو هەرێمێکی فیدرالی لە چوارچێوەی عێراقدایە، بەمەش دەبێت پابەندی دەستوور و یاسای تایبەت بە ڕەگەزنامە بێت. لە عێراقدا وەکو زۆربەی وڵاتانی دیکە، تەنها ئەو کەسانە مافی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانیان هەیە کە هەڵگری ڕەگەزنامەی عێراقی بن. بۆیە دەستوور لە ماددەی (18) دەڵێت: ڕەگەزنامە مافی هەر کەسێکە، کە باوک یان دایکی عێراقی بێت.

بەڵام لە هەندێک حاڵەتدا دەکرێت کەسێک خاوەنی زیاتر لە ڕەگەزنامەیەک بێت، کە ئێمە لێرەدا لە بەردەم بابەتی فرە ڕەگەزنامەیین و کێشە لەو حاڵەتدا سەرهەڵدەدات کە ئەو کەسە دەیەوێت پەیڕەوی مافە سیاسییەکانی بکات بە تایبەتی وەرگرتنی پۆستە گشتییەکان یان پۆستە سەروەرییەکان، چونکە بەشێک لە زانایان پێیانوایە کە فرەڕەگەزنامەیی کاریگەری لەسەر شیاویەتی ئەو کەسانە دادەنن، بۆ ئەوەی مافە سیاسییەکانیان دەستەبەربکەن، هۆکارەکەش بۆ

---

[18] - هایل عبدالمولی طشطوش، مبادیء اساسية في العلوم السياسية، الطبعة الاولى، دار الكندي للنشر و التوزيع، اردن، 2007، ص 204.

[19] - د. سهاد عبدالجمال عبدالكريم، تمكين المرأة من الحقوق السياسية، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية جامعة كركوك، المجلد 11، العدد 40، 2022، ص 229.

[20] - ماددەی (29) لە ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ

[21] - ماددەی (20) لە ڕێکەوتننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ

ئەوە دەگەڕێننەوە، کە ئەو پەیوەندییەی پێویستە لە نێوان تاکەکەس و دەوڵەتدا هەبێت لەو حاڵەتەدا نییە و فرەڕەگەزنامەیی کاریگەری لە سەر وەفاداریی ئەو کەسانە دادەنن، چونکە ئەو کەسانە نە بە تەواوی هاووڵاتیی ئەو وڵاتەن و نە بە تەواوی بیانین، بەڵکو لە ناوەڕاستی هاووڵاتیبوون و بیانیبووندان، بۆیە ئەو حاڵەتە پێویستی بە ڕێکخستنی دەستووری و یاسایی هەیە تاکو هاووڵاتییان لە بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانیان بێبەش نەبن[22].

هەر وەکو ئاماژەمان پێیدا، مافە سیاسییەکانی کەسانی خاوەن فرەڕەگەزنامە پێویستە لە بەرزترین یاسای دەوڵەت کە دەستوورە جێگیر بکرێت، جگە لەوە پێویستە لە یاسای تایبەت، مافە سیاسییەکانی فرەڕەگەزنامەکان ڕێکبخرێت، بە شێوەیەک ڕوونبکرێتەوە تاکو کەسانی خاوەن فرەڕەگەزنامە تا چەند دەتوانن مافە سیاسییەکانی خۆیان دەستەبەربکەن، جا ئەو مافانە پەیوەندییان بە مافی دەنگدان لە هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییەکانەوە هەبێت، یان پەیوەندییان بە مافی پاڵاوتنەوە بۆ ئەنجوومەکانی خۆجێیی یان ئەنجوومەنی یاسادانانەوە هەبێت، یان بۆ بەدەستهێنانی ئەرکێک لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن بێت یان پەیوەندی بە دامەزراندن یان ئەندامبوون لە حیزبی سیاسییەوە هەبێت[23] .

دەستوور و یاسای ڕەگەزنامە ئەو حاڵەتەی چارەسەر کردووە، لە ماددەی (18) ی دەستووری ساڵی (2005) دەڵێت: کە فرەڕەگەزنامەیی ڕێگەپێدراوە، بەڵام هەر کەسێک بیەوێت پۆستێکی سەروەری یان ئەمنیی باڵا وەربگرێت، دەبێت واز لە ڕەگەزنامەکانی دیکەی خۆ بهێنێت. هەروەها لە ماددەی (9/چوارەم) لە یاسای ڕەگەزنامە ژمارە (26) ساڵی (2006) هەمان هەڵوێستی دەستووری عێراقی دووبارەکردووەتەوە[24].

بەگوێرەی ماددەی (9) برگەی دووەم لە یاسای ڕەگەزنامەی عێراقی ژمارە (26) ساڵی (2006) دەڵێت: هیچ کەسێکی بیانی کە ڕەگەزنامەی عێراقی لە ڕێگای تجنس (وەرگرتنی ڕەگەزنامە) وەرنەگرتبێت، بۆی نییە ببێتە وەزیر یان ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران پێش ئەوەی کە دە ساڵ لە سەر تێپەڕبوونی ڕێکەوتی وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی تێپەڕ ببێت. هەروەها بەگوێرەی برگەی سێیەمی هەمان ماددە دەڵێت: ئەو بیانییانەی کە ڕەگەزنامەی عێراقییان وەریانگرتووە، بۆیان نییە کە خۆیان بۆ پۆستی سەرۆککۆمار و جێگیرەکەی کاندید بکەن، مەگەر واز لە ڕەگەزنامەکانی ناعێراقی خۆیان بهێنن[25].

بەڵام بەگوێرەی یاسای ژمارە (45) ساڵی (2013) یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران لە ماددەی (5) دەڵێت: پێویستە دەنگدەر ڕەگەزنامەی عێراقی هەبێت، بۆیە لێرەدا جیاوازی لە نێوان کەسێک کە خاوەن ڕەگەزنامەی ڕەسەنی (الاصلي) عێراقی بێت یان ڕەگەزنامەی عێراقی بەدەستهێنابێت نەکردووە، بۆیە ئەو کەسانە کە فرەڕەگەزنامەن مافی

---

(22) - اقبال مبدر نایف، مصدر سابق، ص 343.

(23) - د. روافد محمد علي الطيار، ممارسة الحقوق السياسية في ضوء مشروع قانون التخلي عن الجنسية المكتسبة الاخرى، دراسة مقارنة، مجلة اهل البيت، العدد 23، 2019، ص 250.

(24) - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. محمد یوسف محمید، مصدر سابق، ص 154.

(25) - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: اقبال مبدر نایف، مصدر سابق، ص 348.

دەنگدانیان هەیە. بەڵام بۆ پۆستی ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگاکان کە پۆستێکی سەروەری یان ئەمنی بەرز نییە، کەسێک کە خاوەن فرەڕەگەزنامە بێت، مافی خۆپاڵاوتنی هەیە[26]. ئێمەش پشتگیری هەڵوێستی یاسادانەری عێراقی دەکەن، چونکە مافی دەنگدان بۆ هەڵبژاردنەکانی خۆجێیی بۆ هەموو ئەو کەسانەی کە خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقین و بە تایبەتی پەیوەندی بە بابەتەکانی ئەمنی و سەروەرییەوە نییە، مافێکی ڕەوا و سیاسییە کە هەر تاکێکی خاوەن ڕەگەزنامەی عێراقی مەرجەکانی یاسایی تێیدا هەبێت دەتوانێت بەدەستیبهێنێت.

**سێیەم: مافی بەدەستهێنانی چارەی خۆنووسین:**

**مافی چارەی خۆنووسین:** بنەمایەکی گرنگە کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان هەیە، چونکە بەبێ جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە، مافە سیاسییەکان و سیستەمی دیموکراسی لە هیچ وڵاتێکدا بەدیناهێنرێت. بە واتایەکی تر، دەتوانین بڵێین ئەگەر ئەو بنەمایە جێبەجێ نەکرێت بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان و بەدیهێنانی سیستەمی دیموکراسی تووشی کێشە و کەموکورتی دەبێت بە شێوەیەک کە لەگەڵ داواکارییەکانی گەل ناگونجێت.

لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان، لە برگەی دووەم لە ماددەی یەکەمدا، جەخت لەسەر بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسینی گەلان کراوەتەوە، بە شێوەیەک کە ئەو بنەمایە دەبێتە هۆی بەرزڕاگرتنی سیستەمی دیموکراسی و دەبێتە هۆی پاراستنی مافی تاکەکان، چونکە بە جێبەجێکردنی ئەو بنەمایە، مافە سیاسییەکانیش بۆ هاووڵاتییان دەستەبەردەکرێن. ئەو بنەمایە لە ماددەی (55) لەو پەیماننامەیە دووبارە جەختی لەسەر کراوەتەوە[27].

دەستەواژەی مافی چارەی خۆنووسین لە بواری سیاسەتی نێودەوڵەتی و زانستی سیاسی بە واتای ئەوە دێت، کە بریتییە لە مافی گەلێک کە شوناسی جیاوازیان هەیە، بەوەی کە خۆیان بڕیار لە چارەنووسی خۆیان بدەن و هەر خۆیان کاروباری کۆمەڵگاکەیان بەڕێوەببەن، بەبێ ئەوەی لەژێر دەسەڵاتی دەوڵەتێکی داگیرکەر یان لەژێر دەسەڵاتی ڕێکخراوێکی بیانی بن و هیچ وڵاتێکی دیکە دەستێوەردان لە کاروباری ناوخۆیی و دەرەکیی وڵاتەکەیاندا نەکات. مافی چارەی خۆنووسین لە هەر دوو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ساڵی (1966) کە تایبەتن بە مافەکانی شارستانی، سیاسی، ئابووری، ڕوشنبیری و کۆمەڵایەتی بە ڕاشکاوی ئاماژەی پێدراوە و وەکو ناوەندێک بۆ بەدەستهێنانی مافەکانی تریش دادەنرێت[28]. ماددەی یەکی هاوبەشی هەر دوو ڕێکەوتننامەی نێودەوڵەتی ساڵی 1966 دەڵێت: 1- هەموو گەلێک مافی چارەی خۆنووسینی هەیە و بەگوێرەی ئەو مافە بڕیار لە ناوەندی سیاسیی خۆی

---

[26] - بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: د. علي هادي الشكراوي و أ. م. د. فراس عبدالكريم شيعان و روافد محمد علي الطيار، التنظيم القانوني للحقوق السياسية لمتعددي الجنسية في دستوري العراقي لعام 2005( دراسة مقارنة ) مجلة رسالة الحقوق، المجلد 8، العدد 3، 2016، ص 375.

[27] - برگەی دووەم لە مادەی یەکەم و مادەی 55 لە پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی 1945.

[28] - د. محمد الصوفي، الاليات الحكومية لحماية حقوق الانسان دوليا و اقليميا، منشورات معهد جنيف لحقوق الانسان، سويسرا، 2014، ص 62.

دەدات و ئازادە بۆ بەدیهێنانی گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری. 2- هەموو گەلێک مافی بەکارهێنانی سەروەت و سامانی سروشتیی خۆیان هەیە و ... 3- هەموو وڵاتانی ئەندام لەو رێکەوتننامەیە، بە تایبەت ئەو وڵاتانەی کە بەرپرسیارەیەتیی بەڕێوەبردنی ئەو هەرێمانەی کە خاوەن ئۆتۆنۆمی نین و ئەو هەرێمانەی کە لەژێر سیستەمی سەرپەرشتیکردنن (الوصاية) لەئەستۆیاندایە، دەبێت بۆ بەدیهێنانی مافی چارەی خۆنووسین کاربکەن و رێزی ئەو مافە بە گوێرەی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بگرن.

لە لایەکی ترەوە، جێبەجێکردنی سیستەمی دیموکراسیی هاوچەرخ پێویستی بە بەشداری سیاسیی هاووڵاتییان هەیە، بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوان تاکەکانی ناو کۆمەڵگادا بکرێت، کە ئەوەش پەیوەندی بە بەکارهێنانی مافی چارەی خۆنووسینەوە هەیە، بۆ ئەوەی هاووڵاتییان بتوانن بە پشتبەستن بەو مافە و لە رێگای هەڵبژاردنەکانی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێکردن بەشدار بن لە بەڕێوەبردنی وڵاتەکەیان. جگە لەوەش بەکارهێنانی ئەو مافە پێویستی بە جێبەجێکردنی بنەمای سەروەریی یاساییەوە هەیە تاکو لە رێگای جێبەجێکردنی ئەو مافە رێگری لە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات بگیرێت. بەڵام جێبەجێکردنی ئەو دوو بنەمایەش پێویستی بە گەرەنتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکانەوە هەیە، چونکە ئەو گەرەنتییانە دەبنە هۆی پاراستنی مافی چارەی خۆنووسین و بەشداری سیاسی هاووڵاتییان و پاراستنی سەروەریی یاسا[(29)].

هەروەها لەسەر ئاستی هەرێمی مافی چارەی خۆنووسین بە مافێکی رەوا دانراوە، بە شێوەیەک کە پەیماننامەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ماددەی (20) باسی مافی چارەی خۆنووسین دەکات: 1- ئەو مافە بە مافێکی رەها و جێگیر بۆ هەموو گەلێک دادەنێت، بەوەی کە هەموو گەلێک بە ئازادانە دەبێت بڕیار لە بارودۆخی سیاسی خۆیان بدەن و کار بۆ گەشەسەندنی بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتییان بکەن بەو شێوەیەی کە خۆیان بە ئیرادەی خۆیان هەڵدەبژێرن. 2- هەموو ئەو گەلانەی کە لەژێر ئیستعماردان بۆیان هەیە بە هەموو ئامرازێک خۆیان لە ژێر ئیستعماردا رزگار بکەن. 3- هەموو گەلێک مافی ئەوە هەیە کە یارمەتی لە وڵاتانی تر وەربگرێت تاکو لەژێر داگیرکاریی بیانی رزگار بێت، جا یارمەتییەکان سیاسی بن یان ئابووری یان رۆشنبیری بن.

لەسەر ئاستی وڵاتانی عەرەبی، پەیماننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ لە ماددەی (2) مافی چارەی خۆنووسینی بە مافی هەموو گەلێک دادەنێت، هەروەها مافی بەکارهێنانی سامانیان هەیە و مافی ئەوەیان هەیە کە خۆیان بە ئازادانە سیستەمی سیاسی ولاتەکەیان دیاربکەن و بە ئازادانە کار بۆ گەشەسەندنی ئابووری، کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری بکەن. جگە لەوە هەموو گەلێک مافی ئەوە هەیە کە لەژێر سەروەری نشتیمانی و یەکپارچەیی خاکەکەیدا بژێت. هەروەها هەموو گەلێک مافی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکاری بیانی هەیە.

---

(29) - عزمي بشارة، الانتقال الديمقراطي و اشكالياته ( دراسة نظرية و تطبيقية مقارنة )، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت، 2020، ص 15.

سەرەڕای هەوڵەکانی نەتەوەی کورد بۆ گەیشتن بە مافە سیاسییەکانیان، بەڵام مافەکانیان بە هۆی دەستدرێژی و زۆرداریی ئەو وڵاتانەی کە خاکی نەتەوەی کوردیان داگیرکردووە، ڕووبەڕووی هەڕەشە و پێشێلکاری گەورە بوونەتەوە[30].

سەرۆکی پێشووی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسعود بارزانی ڕۆژی (2017/9/25) بۆ ڕۆژی ئەنجامدانی ڕاپرسی (ڕیفراندۆم) ڕاگەیاند بۆ ئەوەی گەلی کوردستان لە ڕێگای سندووقەکانی دەنگدان کە ڕێگای ئاشتییانەیە بۆ بەدەستهێنانی مافی چارەی خۆنووسین، چارەنووسی خۆیان دیاری بکەن، ئەویش دوای ئەوە بوو کە پەیوەندیی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی گەیشتە خاڵی کۆتایی و ئەو هاوبەشیەی کە عێراق لەسەری دامەزرابوو بە هاوبەشییێکی شکست خواردوو ناوەزند کرا. بۆیە لەو ڕاپرسییەدا کە گەلی هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم کوردستان تێیدا بەشدار بوون و ڕێژەی (78%) ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەبوو، بەشدارییان کرد و لەو ڕێژەیە (92%) گەلی کوردستان دەنگیان بۆ سەربەخۆیدا بۆ ئەوەی لە ڕێگای سەربەخۆی و مافی چارەی خۆنووسین مافە سیاسییەکانی خۆیان دەستەبەربکەن[31].

## 2.2 ڕێکخستنی دەستووری بۆ مافە سیاسییەکان لە چوارچێوەی دەستووری ساڵی (2005)ی عێراقی

دوای ئەوەی کە پێناسەی مافە سیاسییەکان و ئامرازەکانی بەدەستهێنانمان کرد، لەم تەوەرەدا باسی ڕێکخستنی دەستووری بۆ مافە سیاسییەکان دەکەین، بۆیە دەبێنین کە دەستووری عێراقی ساڵی (2005) ماف و ئازادییە سیاسییەکانی ڕێکخستووە و ئەو ڕێکخستنەش لە دەستوور، ڕەنگدانەوەی گرنگیی ئەو مافانەیە. لە لایەکی ترەوە، هێزێکی زیاتریش دەداتە ئەو مافانە تاکو دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت پێوەی پابەندبن، بۆیە بەو شێوەیە پێگەی مافە سیاسییەکان لە دەستووری عێراقی ساڵی (2005) دیاردەکەین.

لە دەستووری عێراقی ساڵی (2005) باسی مافە سیاسییەکانی هاووڵاتییان کراوە بە شێوەیەک جەخت لەسەر یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەتاندا کراوە بۆ مافی بەشداریکردن لە کاروباری گشتی و وەرگرتنی مافە سیاسییەکان، لەوانە مافی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن[32].

مافی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن جگە لە دەستوور لە یاسای ژمارە (9) ساڵی (2020) یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی ڕێکخراوە، بە شێوەیەک بەگوێرەی ماددەی (4) لەو یاسایە جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە هەڵبژاردن، مافی هەموو

---

(30) - د. إرواء فخري عبداللطيف، الحقوق السياسية للأكراد العراق في الدساتير الوطنية و الاتفاقيات الدولية، مجلة السياسية و الدولية، المجلد 1، العدد 17، 2010، ص 1.

(31) - د. مثنى عباس عبدالكاظم المحمد، اليات الديمقراطية شبه المباشرة في الدستور العراقي النافذ، مجلة رسالة الحقوق، السنة 12، العدد3، 2020، ص 336.

(32) - ماددەی (20) لە دەستووری عێراقی ساڵی (2005).

عێراقییێکە، بەبێ ئەوەی کە جیاوازی بکرێت بە هۆی ئاین، نەتەوە، ڕەنگ، نەژاد، مەزهەب، بیروڕا یان بارودۆخی ئابووری و کۆمەڵایەتی. لە لایەکی ترەوە، هەموو دەنگدەرێک مافی دەنگدانی لە هەڵبژاردنەکانی هەیە، کە دەنگدانەکەی بە شێوەی ئازادانە، ڕاستەوخۆ و بە نهێنی و تاکەکەسی دەبێت، هەروەها دەنگدان بە وەکالەت ڕێگە پێدراو نییە.

سەبارەت بە ئازادیی پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان کە بە یەکێک لە بنەماکانی سیستەمی دیموکراسی و ئەمرازێک بۆ بەدەستهێنانی سەرجەم مافە سیاسییەکانی هاوولاتییان دادەنرێن پێویستی بە ڕێکخستنی دەستووری و یاسایی هەیە، تاکو بتوانرێت ئەو مافە جێبەجێبکرێت و گەرەنتیی ڕێزگرتنیان بۆیان دابینبکرێت. بە گوێرەی ماددەی (39) لە دەستووری ساڵی (2005) عێراقی ئازادی پێکهێنانی حیزب سیاسی و کۆمەڵەکان یان چوونە ڕیزیان گەرەنتی دەکرێت و بە یاسا ڕێکدەخرێت. هەروەها ناکرێت هیچ کەسێک ناچار بکرێت کە بچێتە ڕیزی هیچ حیزبێک یان کۆمەڵەیەک یان لایەنێکی سیاسی، یان ناچار بکرێت لە ئەندامبوون لەو لایەنانە بەردەوام بێت.

ئەگەر تەماشای ئەو ماددە دەستوورییانە بکەین دەبینێن کە خودی دەستوور ڕێکخستنی بۆ مافە سیاسییەکان کردووە، بۆ نموونە ئەگەر تەماشای ماددەی (39) برگەی یەکەم بکەین، دەبینین کە باسی ئازادیی پێکهێنانی کۆمەڵەکان و حیزبە سیاسییەکان یان چوونە ڕیزیان دەکات و دەڵێت کە ئەوەش بە یاسا ڕێکدەخرێت. کەواتە دەستوور هیچ مەرجێکی بۆ ئەو مافانە دانەناوە، بەڵکو بۆ یاسا بەجێیهێشتووە، بۆیە دەکرێت بە یاسا ڕێکخستنی بۆ پێکهێنانی کۆمەڵەکان و حیزبە سیاسییەکان بکرێت و مەرجەکانی دیارییکرێت کە لەو حاڵەتەدا، یاسا تەواوکەری دەستوور دەبێت[33].

لە لایەکی تر، سەبارەت بە مافە سیاسییەکانی ئافرەتان، زۆربەی ڕێکەوتننامەکانی مافی مرۆڤ جەختیان لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان ئافرەت و پیاودا دەکەن لە بەشداریکردنیان لە ژیانی سیاسی، جگە لەوە زۆربەی دەستوورەکانیش بە هەمان شێوە، کار بەو بنەمایە دەکەن، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە بە هۆی لەمپەرە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکان ئەو یەکسانییە بەدینایەت، بۆیە بۆ ئەوەی دادپەروەری لە نێوان ئافرەت و پیاودا بەدیبهێنرێت و گەرەنتیی بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکانی ئافرەتان بدرێت، دەستووری عێراقی ساڵی (2005) جەختی لەسەر سیستەمی کۆتای ئافرەتان کردووەتەوە[34].

مافە سیاسییەکانی ئافرەتان وەکو دەنگدان، هەڵبژاردن، پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵەکان و بەڕێوەبردنی ئەرکە گشتییەکان کە بە یەکێک لە بنەماکانی سیستەمی دیموکراسیی هاوچەرخ دادەنرێت، لە دەستووری ساڵی (2005) عێراقی دانپێنراوە، بۆیە ئەو

---

(33) - م. إياد خلف محمد جويعد و م. إيمان عبيد كريم، الحماية التشريعية للحريات العامة، مجلة السياسية و الدولية، المجلد 1، العدد 23، 2013، ص 3.

(34) - أ. م. د. سهى حميد سليم الجمعة و م. د. بيداء عبدالجواد العباسي، الكوتا النسائية في الانتخابات العراقية، مجلة دراسات اقليمية ، السنة 16، العدد 53، تموز 2020، ص 255.

دەستووره جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی لە نێوان پیاو و ئافرەت دەکات لە بەشداریکردنیان لە بەڕێوەبردنی ئەرکە گشتییەکان، دەنگدان، هەڵبژاردن و پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و کۆمەڵەکان، بەبێ ئەوەی جیاوازی لە نێوانیان بکرێت [35].

لە دەستووری عێراقی ساڵی (2005) لە ماددەی (47/ چوارەم) دەڵێت: کە ڕێژەی ئافرەتان نابێت لە چارەکی ژمارەی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران کەمتر بێت. هەروەها لە ماددەی (20) لە دەستوور دەڵێت: کە هاووڵاتییان جا چ پیاو بن یان ئافرەت مافی بەشداریکردنیان لە کاروباری گشتییان هەیە و هەڵگری مافە سیاسییەکانی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن. لە یاسای هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ساڵی (2013) دەڵێت: کە ڕێژەی ئافرەتانی کاندیدکراو نابێت لە (25%) کەمتر بن، بۆیە دەبێت بە شێوەیەک لیستەکان پێشکەشبکرێت کە لە دوای هەر سێ پیاو، ئافرەتێک بێت، بەڵام سەبارەت بە ڕێژەی ئافرەت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری هیچ ڕێژەیەکی دیاریکراو یان ڕێژەی کۆتا بۆ ئافرەتان دیاری نەکراوە[36].

هەروەها سەبارەت بە مافی ئازادی کۆبوونەوە و ئازادی ڕادەربڕین، دەستووری ساڵی (2005) عێراقی لە ماددەی (38) برگەی سێیەم ڕێکخستنی دەستووری بۆ مافی ئەنجامدانی کۆبوونەوە کردووە، بە مەرجێک نەبێتە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی و باسی لەوە کردووە کە مافی ئازادی کۆبوونەوە بە یاسا ڕێکدەخرێت.

لە چوارچێوەی ئەو ماددە دەستوورییە بۆمان دەردەکەوێت کە دەستوور دوو مەرجی سەرەکی داناوە بۆ پەیڕەوکردنی ئەو مافە؛ یەکەمیان: ئەوەیە کە نابێت پەیڕەوکردنی ئەو مافە ببێتە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی. مەرجی دووەم: ئەوەیە کە ئەو مافە بە یاسایەک ڕێکدەخرێت کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانانەوە دەردەچێت، ئەو مەرجانەش بۆ ئەوەیە کە بەکارهێنانی ئەو مافانە بە شێوەی ڕەها نین، بەڵکو بە شێوەی ڕێژەیین و نابێت پەیڕەوکردنی ئەو مافانە ببێتە هۆی زیان گەیاندن بە کەسانی تر، یان ببێتە هۆی خراپ بەکارهێنان یان زیادەڕەویکردن لە پەیڕەوکردنی ئەو مافە، بۆیە ڕێکخستنی ئەو مافە دەبێت بە شێوەیەک بێت، کە هەم ماف و ئازادییەکانی کەسانی تر بپارێزرێن، هەم کۆمەڵگەیەکی مەدەنی و خاوەن دیموکراسی ڕاستەقینە بنیادبنرێت[37].

سەبارەت بە بەکارهێنانی مافی ئازادی ڕادەربڕین بە هەمان شێوەی مافی ئازادی کۆبوونەوە لە ماددەی (38/یەکەم) لە دەستووری عێراقی دەڵێت: نابێت ئازادیی ڕادەربڕین ببێتە هۆی تێکدانی سیستەمی گشتی و ئادابی گشتی.

---

[35] - المدرس المساعد شيماء سعدون عزيز، ضمانات حقوق المرأة في التشريعات العراقية و المواثيق الدولية، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية للعلوم الانسانية ، المجلد 28، العدد الثاني، 2021، ص 3.

[36] - م. م. رينم مجيد حميد، الحقوق السياسية للمرأة العراقية، مجلة كلية التراث الجامعة، المجلد1 ، العدد 33 ( العدد خاص بوقائع المؤتمر السنوي الرابع عشر) ص 728.

[37] - حسين وحيد عبود العيساوي، الحقوق و الحريات السياسية في الدستور العراقي لسنة 2005 دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، المركز العربي للنشر و التوزيع، القاهرة، 2018، ص 216.

## 3. ڕۆڵی دادگای باڵا فیدرالی لەسەر پاراستنی مافە سیاسییەکان

بۆ ئەوەی باسی ڕۆڵی دادگای باڵای فیدرالی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان بکەین، ئەو باسە دابەشی دوو تەوەرەی سەرەکی دەکەین، سەرەتا لە تەوەرەی یەکەمدا باسی بنەمای چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان دەکەین. لە تەوەرەی دووەمیشدا باسی ڕۆڵی دادگای باڵای فیدرالی دەکەین کە بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان هەیە.

### 1.3. بنەمای چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان:

بە مەبەستی تیشک خستنە سەر بنەمای چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان ئەو تەوەرەیە دابەشی دوو لق دەکەین بە شێوەیەک کە لە لقی یەکەمدا باسی پێناسەی چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان دەکەین و لە تەوەرەی دووەم گرنگیی بوونی دادگای دەستووری بۆ چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان باس دەکەین.

#### 1.1.3. پێناسەی چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان

چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان، یەکێکە لە ئەمرازەکانی چاودێریی ڕەوایەتی لە لایەک و لە لایەکی تر یەکێکە لە گرنگترین گەرەنتییەکانی پاراستنی مافەکانی مرۆڤ و ئازادییەکانی، هەروەها یەکێکە لە پێوەرەکانی بەدیهێنانی هاوسەنگی لە نێوان ماف و ئازادییەکانی مرۆڤ لەگەڵ بەرژەوندیی گشتی، بۆیە دەتوانین بڵێین کە چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان، گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی مافەکان بە گشتی و مافە سیاسییەکان بە تایبەتی، چونکە دەستوور ئەو مافانە لەخۆدەگرێت و کاریگەری لەسەر یاساکانی تریش دادەنێت و لە چوارچێوەی دەستووریبوونی یاساکان ڕێگری لە دەسەڵاتی یاسادانان دەکات، کە پێشێلی ماف و ئازادییە گشتییەکان بکات(38).

کەواتە دەتوانین بڵێین، کە چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان بریتییە لە ڕێگیریکردن لە دەرچوونی یاسایەک یان جێبەجێکردنی یاسایەک کە دژی دەستوورە، بۆیە ئەو چاودێریکردنە بە دەستەیەکی دیاریکراو دەدرێت تاکو چاودێریی هەر یاسایەک بکەن کە لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان دەردەچێت، تاکو ئاستی پابەندبوونی ئەو یاسایە بە دەستوور دیاربکەن، هەروەها چاودێریی بڕیارەکانی کارگێڕی دەکات کە لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەردەچێت. لە لایەکی تر، ڕێگایەکی چالاکە بۆ پاراستنی دەستوور تاکو پێشێل نەکرێت، چونکە دەستوور بەرزترین یاسای وڵاتە. هەروەها ڕێگایەکە بۆ پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان(39).

---

(38) - یاسر عطیوي عبود الزبیدي، المحكمة الاتحادیة العلیا العراقیة و دورها في حمایة نصوص الدستور دراسة مقارنة، مجلة العلوم الانسانیة، كلیة التربیة– صفي الدین حلي، الجلد 1، العدد3، 2010، ص 216.

(39) - د. سامی جمال الدین، النظم السیاسیة و القانون الدستوري، الطبعة الاولی، منشأه المعارف بالإسكندریة، 2005، ص 480.

بیرۆکەی چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای باڵادەستی دەستوور، [40] کە ئەویش لە ئەنجامی سەرهەڵدانی دەستووری نووسراوە لە وڵاتان هاتەکایەوە[41]. هەرچەندە پێویستە لێرە ئاماژە بەوە بدەین، کە لە دەستوورە عورفییەکانیش ئەگەر باسی ماف و ئازادییەکان نەکرێت وەکو مافی ئازادی پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان یان ئازادیی کۆبوونەوە، ئەو مافانە پارێزراون، چونکە بە کرداری ئەو مافانە جێبەجێدەکرێن، بۆیە باشترین گەرەنتیش بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان جێبەجێکردنی ئەو ماف و ئازادییانەیە. ئەگەر ماف و ئازادییەکان لە دەستووریش جێگیربکرێن، بەڵام لە ڕووی کردارییەوە خراپ بەکاربهێنرێن یان جێبەجێنەکرێن ئەو ماف و ئازادیانە بەهای خۆیان لەدەستدەدەن[42].

هەروەکو باسمان کرد چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای باڵادەستیی دەستوور، کە ئەویش دوو ڕووخساری سەرەکی هەیە، کە دەکرێت ئەو ڕووخسارانە بە دوو پێوەری بابەتی و ڕواڵەتی لە یەکتر جیاواز بکەین بەو شێوەی خوارەوە:[43]

**یەکەم/ باڵادەستیی دەستوور بە گوێرەی پێوەری بابەتی:** بە پێی پێوەری بابەتی، دەستوور لە ڕووی بابەتی و ماددیەوە باڵاترین یاسایە، بۆیە هیچ ڕێسایەکی یاسایی باڵاتر نییە لە دەستوور، کەواتە بە پێی پێوەری بابەتی سروشتی ئەو بابەتانە کە دەستوور ڕێکدەخات گرنگن بۆ بنیادنانی دەوڵەت، و سەبارەت بە پاراستنی ماف و ئازادییەکان و گەرەنتییەکانیان دەکەوێتە چوارچێوەی ئەو بابەتانەی کە دەستوور ڕێک دەخات، بۆیە باڵادەستی بابەتی دەستوور چەندین دەرئەنجامی لێ دەکەوێتەوە کە دەکرێت بەو شێوەیە باسی بکەین: [44]

- پشتگیریی بنەمای ڕەوایەتی دەکات: باڵادەستیی دەستوور پشتگیری بنەمای ڕەوایەتی دەکات چونکە دەبێتە هۆی ئەوەی کە هەموو لایەک لە خەڵک و دەسەڵاتداران پابەندی

[40] - محمد رفعت عبدالوهاب، رقابة القضاء على دستورية القانون ( المبادىء النظرية و التطبيق الجوهرية ) دار الجامعة الجديدة ، الاسكندرية ، 2010، ص 13.

[41]- عبدالحميد متولي، الوجيز في النظريات و النظم السياسية و مبادئها الدستورية، المكتب العربي الحديث، الاسكندرية، 2012، ص258. لە ڕووی مێژووییەوە چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان دەگەڕێتەوە بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە کۆتایی سەدەی هەژدیەم سەریهەڵدا، دواتر لە وڵاتانی ئەوروپی و جیهان بڵاوبووەوە، کە ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ بڕیاری دادگای باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە لە دۆسیەی ناوبانگی ماربیری دژی مادسون لە ساڵی 1803 دەرکرد. عبدالعزيز برقوق، دور الرقابة الدستورية في حماية الحريات العامة ( دراسة مقارنة ) اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الحقوق، جامعة الجزائر 1 بن يوسف بن خدة، 2016، ص 9.

[42] - د. عقيل محمد عبد و هديل هاني صيوان، الحريات الفكرية في دستور جمهورية العراق الدائم لسنة 2005 (دراسة في الضمانات القانونية و السياسية، مجلة دراسات تاريخية، المجلد 1 ، العدد19-20، 2015، ص 185.

[43] - دكتور جاسم محمد حسين شنكالي، الحماية الدستورية و القضائية لحقوق الانسان دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدارات القانونية، القاهرة،2023، ص 53-54.

[44] - نفس المصدر، ص 54.

یاساکان بن و ئەگەر هەر لایەنێک دژی بنەمای ڕەوایەتی هەڵسوکەوت بکات، هیچ کاریگەرییەکی نابێت و بە پوچەڵ هەژماردەکرێت.

- دەسەڵاتە گشتییەکانی دەوڵەت بە گوێرەی بنەماکانی دەستوور ئەرکەکانی خۆیان جێبەجێدەکەن: بە هۆی ئەوەی کە دەستوور بە سەرچاوەی ڕێکخستنی دەسەڵاتە گشتییەکان (دەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی دادوەری) دادەنرێت بۆیە ئەو دەسەڵاتانەش بە گوێرەی دەستوور هەڵسوکەوت دەکەن.
- ڕێگری لە پێدانی تایبەتمەندییەکانی دەسەڵاتێک بۆ دەسەڵاتێکی دیکە دەکات: بە گوێرەی باڵادەستیی دەستوور ئەو تایبەتمەندییانە کە دەستوور بە لایەنێک دەدات ناکرێت ئەو لایەنەش ئەو تایبەتمەندییە یان ئەو دەسەڵاتەی کە دەستوور پێی دایە بە لایەنێکی تر ببەخشێت.

**دووەم/ باڵادەستیی دەستوور بە گوێرەی پێوەری ڕواڵەتی:** بەپێی پێوەری ڕەواڵەتی باڵادەستیی دەستوور و هێزەکەی بە گوێرەی ئەو بابەتانە نییە کە ڕێکیدەخات، بەڵکو بە هۆی ئەو لایەنەیە کە دەستووری پەسەند یان هەمواری دەکات، چونکە پەسەندکردنی دەستوور یان هەموارکردنی لە ڕووی ڕێوشوێن و ئەو لایەنەی کە بەو کارە هەڵدەستن قورسترە لە پەسەندکردن و هەموارکردنی یاسای ئاسایی کە لە پەرلەمان دەردەچێت.

سەبارەت بە ڕێگاکانی چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان بە گشتی دوو ڕێگای جیاواز هەیە کە هەر دەوڵەتێک یەکێک لەو ڕێگایانە بۆ چاودێری هەڵدەبژێرێت کە دەتوانین بەو شێوەی خوارەوە باس بکەین:

أ- **چاودێریی سیاسی لەسەر دەستووریبوونی یاساکان:** بەشێک لە دەستوورەکان بابەتی چاودێریکردنی دەستووریبوونی یاساکان دەدەنە دەستەیەکی سیاسی و دەستوور شێوازی پێکهێنانی ئەو دەستەیە و ئامرازەکانی کارکردنیان دیاردەکات. ئەندامانی ئەو دەستەیە بە گشتی کەسانی سیاسین و ئەو چاودێرییە پێش دەرچوونی یاساکان دەبێت، بۆیە چاودێرییەکی خۆپارێزییە و ڕێگری لە دەرچوونی یاسایەک دەکات ئەگەر دژی دەستوور بێت. ئەو جۆرە لە چاودێرییە لە فەرەنسا دەستپێیکرد[45].

ب- **چاودێریی دادوەریی دەستووریبوونی یاساکان:** چاودێریی دادوەریی دەستووریبوونی یاساکان سروشتێکی یاسایی هەیە، بۆیە بەشێک لە دەستوورەکان تایبەتمەندیی دەستووریبوونی یاساکان دەدانە دەستەیەکی دادوەری، تاکو ئەو دەستە دادوەرییە دیاربکات کە ئایا ئەو یاسایە کە لە پەرلەمان دەرچووە یان ئەو بڕیارە کارگێڕییانەی کە

---

([45]) - د. عصام علي الدبس، القانون الدستوري و النظم السياسية، الطبعة الاولى، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2014، ص 380.

لە لایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دەرچوونە، لەگەڵ دەستوور دەگونجن یان نا؟[46] بەڵام ئەو وڵاتانەی کە چاودێریی دادوەری بۆ چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان بەکاردەهینن یەک جۆر نین، بەڵکو سێ جۆری چاودێری لە ڕێگای سکاڵای سەرەکی و چاودێری لە ڕێگای سکاڵای لاوەکی و چاودێری تێکەڵاوی هەیە، کە بەو شێوەی خوارەوە باسیان دەکەین:

**چاودێری لە ڕێگای سکاڵای سەرەکی (الرقابة عن طريق الدعوى الاصلية):** لەو جۆرەی چاودێری، بەو شێوەیە کە ئەو کەسەی بە هۆی یاسایەکی دژی دەستوور تووشی زیان بووە لە بەردەم دادگای تایبەتمەندی دەستووری سکاڵا تۆماردەکات و داوای هەڵوەشاندنەوە ئەو یاسایە دەکات، ئەگەر دادگای دەستووری بڕیاری نادەستووریبوونی ئەو یاسایەی دەرکرد، ئەوا ئەو یاسایە پوچەڵ دەبێت و ئەو بڕیارەی دادگا لەسەر هەموو لایەنەکان جێبەجێدەکرێت، ئەو شێوەیە لە چاودێرییە پێویستی بەوە هەیە کە لە دەستوور ئەو دادگایە دیاربکرێت کە ئەو دەسەڵاتەی هەبێت[47].

**چاودێری لە ڕێگای سکاڵای لاوەکی:** ئەو جۆرە لە چاودێرییە بەو شێوەیە دەبێت کە سکاڵایەک لەبەردەم دادگایەک دەبێت، یەکێک لە لایەنەکانی داواکەی، داوا لە دادگا دەکات کە ئەو یاسایەی کە لەبەردەمیدایە نادەستوورییە و ئەو دادگایە بڕیار دەدات کە ئایا ئەو یاسایە دەستوورییە یان نا؟ ئەگەر ئەو دادگایە بڕیاریدا کە ئەو یاسایە نادەستوورییە، بڕیار بە جێبەجێنەکردنی ئەو یاسایە لەسەر ئەو سکاڵایە دەدات بە بێ ئەوەی کە ئەو یاسایە هەڵبوەشێنێتەوە[48].

**چاودێری لە ڕێگای تێکەڵکردنی هەر دوو شێوەی سەرەکی و لاوەکی:** لەو جۆرەی چاودێری، بەو شێوەیە دەبێت کە خاوەن سکاڵاکە، سەرەتا سکاڵا پێشکەشی دادگای دەستووری یان دادگای تایبەتمەند ناکات، بەڵکو سەرەتا داوای نادەستووریبوونی یاساکە لە لایەن دادگای ئاسایی یان کارگێڕی دەکات و دادگای ئاسایی یان کارگێڕی لە دەستووریبوون یان نادەستووریبوونی ئەو یاسایە دەکۆڵێتەوە، ئەگەر بڕیاریدا کە ئەو یاسایە لەگەڵ دەستوور دەگونجێت ئەو کاتە بڕیاری ڕەتکردنەوە ئەو داوایە دەدات و دواتر سەیری سکاڵای سەرەکی دەکات، بەڵام ئەگەر بڕیاریدا کە ئەو یاسایە دژی دەستوورە، ئەو کات داواکە دەنێرێتە بەردەم

---

([46]) - د. هاني علي الطهراوي، النظم السياسية و القانون الدستوري، الطبعة الرابعة، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2014، ص 365.

([47]) - د. محمد جمال مطلق الذنبيات، النظم السياسية و القانون الدستوري، الطبعة الاولى، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2003، ص 190.

([48]) - موفق صبري شوكت، الرقابة على دستورية القوانين أنواعها و راي الفقه فيها، مجلة كلية دجلة الجامعة دراسات قانونية، المجلد (5) العدد (1) كانون الثاني، 2022، ص 63.

دادگای دەستووری تاکو بڕیاری دەستووریبوون یان نادەستووریبوونی ئەو یاسایە بدات تاکو بڕیاری دادگای دەستوور دەربچێت سەیری داوای سەرەکی ناکات[(49)].

### 2.1.3. گرنگیی دادگای دەستووری بۆ چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان

چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان گرنگییەکەی لەوەدایە کە دەبێتە هۆی پاراستنی چەندین بنەمای تری دەستووری، وەکو بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان، بنەمای باڵادەستیی دەستوور، بنەمای سەروەریی یاساکان و بنەمای پلەبەندیی یاساکان. ڕۆڵی ئەو بنەمایە بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکانیش لەوەدایە کە دەکرێت دادگای دەستووری چاودێریی سەرجەم مافە سیاسییەکان بکات وەکو مافی هەڵبژاردن، مافی دەنگدان، مافی خۆپاڵاوتن و مافی پێکهێنانی حیزبە سیاسییەکان و ...هتد[(50)].

ئەو بڕیارانەی کە لە دادگا دەردەچێت، سەبارەت بە دەستووریبوون یان نادەستووریبوونی یاساکان، ئەوا بڕیارێکی یەکلاییکەرەوەیە، دەبێت هەموو لایەنەکان پێوەی پابەند بن. هەروەها ناکرێت لە بەردەم هیچ دەستەیەکی دادوەریی دیکە تانەی لێی بدرێت، بۆیە تایبەتمەندیی چاودێریی یاساکان دەدرێتە دادگایەکی پسپۆر، کە ئەو تایبەتمەندییە لە عێراق بە دادگای باڵای فیدراڵی دراوە[(51)] .

سەبارەت بەوەی کە بڕیارەکانی دادگا دەستوورییەکان سیفەتی کۆتایی و ڕەهان هەیە، بە شێوەیەک کە ناکرێت لەسەر بابەتێک کە پێشتر دادگا بڕیاری لەسەر داوە، دووبارە ئەو بابەتە بچێتە بەردەم ئەو دادگایە، بۆیە پێویستە هەموو دەسەڵاتەکانی دەوڵەت پابەندی بڕیارەکانی دادگای دەستووری بن، چونکە ئەگەر دادگا بڕیار بە نادەستووریبوونی یاسایەک بدات یان بڕیارێک بە نادەستووریبوون لەقەڵەمبدات، بەو شێوەیە ئەو یاسایە یان ئەو بڕیارە بە پوچەڵ دادەنرێت. بەڵام بەشێک لە شارەزایان پێیانوایە کە دەکرێت لە هەندێک حاڵەتی سنووردار، دادگا دەستوورییەکان لە بڕیارەکانی خۆیان پاشگەز ببنەوە، ئەگەر هاتوو گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی یان بیروڕای نوێ دروستبوو، کە دادگای دەستووری هانبدات دووبارە بە بڕیارەکەیدا بچێتەوە، تاکو لەژێر ئەو گۆڕانکارییانەدا، بڕیارێکی نوێ دەربکات و لە بڕیارە کۆنەکەی پاشگەز ببێتەوە. مافی پاشگەزبوونەوە لە لایەن دادگای دەستووریی وڵاتی ئەڵمانیا و نەمسا کارپێدەکرێت، بەڵام بەگوێرەی ماددەی (45) لە پەیڕەوی ناوخۆیی دادگای باڵای فیدراڵی، ڕێگا بەوە نادرێت کە جارێکی تر دادگا بە بڕیارەکانی خۆیدا بچێتەوە، چونکە پێیانوایە کە بڕیاری پاشگەزبوونەوە دەبێتە هۆی ئەوەی بڕیارەکانی ئەو دادگایە ناجێگیر بن و دادگا متمانەی خۆی و قورسایی خۆی لەدەستبدات. لە لایەکی تر، هەرەشە لە ئەو ناوەندە یاساییانە

---

(49) - عروسي علي، الرقابة على الدستورية القوانين في التشريع الجزائري كضمانة لحماية الحقوق و الحريات، رسالة ماجستير، مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة احمد دراية أدار، 2016، ص 30.

(50) - صافى حمزة، دور الرقابة الدستورية في حماية الحقوق و الحريات السياسية في دول المغرب العربي، أطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة محمد خيضر سبكرة، 2020، ص 15.

(51) - وديع دخيل ابراهيم المحلاوي، الضمانات الدستورية للعملية الديمقراطية في العراق، مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة 4، المجلد 4، العدد 3، الجزء 2، 2020، ص 310.

بکات کە بەگوێرەی بڕیارەکانی دادگا دروستبوونە. بەڵام دەکرێت لە هەندێک حاڵەت کە دادگای فیدراڵی لە بەردەم دوو بەرژەوندی دژ بە یەک بێت، کە یەکێکیان بەرژەوندیی دەستووری بێت و ئەوەی دووەمیش بەرژەوندیی گشتی بێت، ڕەچاوی بەرژەوندیی گشتی بکات، لەگەڵ ئەوەی کە بنەما سەرەکییە دەستوورییەکان و ئەو ماف و ئازادییانە بپارێزێت کە لە دەستوور بۆ تاکەکان جێگیرکراون، بۆیە دەکرێت لە هەندێک حاڵەتی سنووردار و پێویستدا، دادگا لە بڕیارەکانی پاشگەزبێتەوە بە تایبەتی ئەگەر هەڵەیەکی یاسایی لە بڕیارەکانیدا هەبێت یان بڕیارەکانیان بەپێی بەرژەوندییەکی سیاسی دەرکرابن[52].

بۆ ئەوەی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان لە چوارچێوەیەکی فراوانتر و باشتر جێبەجێبکرێن، دادگای دەستووری تەنها دەستوور بە تاکە سەرچاوەی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان دانانێت، بەڵکو پشتی بە سەرچاوەکانی تری دەرەوەی ناوڕۆکی دەستووریش دەبەستێت و ئەو سەرچاوانە هەمان هێزی یاسایی ڕێساکانی دەستووریان هەیە و ئەو سەرچاوانەش دەکرێت پێشەکیی دەستوور بێت یان ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە مافی مرۆڤ بن، یان بنەما دەستوورییەکانی باڵا بن، بۆ نموونە ئەنجوومەنی دەستووریی فەڕەنسا هێزی دەستووری بەخشیە پێشەکیی دەستووری ساڵی (1946) و لەو کاتەوە پێشەکیی دەستووریش وەکو سەرچاوەی ماف و ئازادییەکان دیاریکرا[53].

جگە لەوە لە دەوڵەتی فیدراڵی بە هۆی پێکهاتەی جیاواز لە ڕووی ئاینی، نەتەوەیی، زمان و ... هتد، ماف و ئازادییەکان زیاتر ڕووبەڕووی پێشێلکردن دەبنەوە، جا چ لە لایەن دەسەڵاتەکانی حکوومەتی ناوەندەوە بێت یان دەسەڵاتەکانی حکوومەتی هەرێمەکانەوە بێت. لە عێراقیش بە هۆی ئەو پێکهاتە جیاوازانە کە هەن، پێویستە گەرەنتیی پێویست بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکانی ئەو پێکهاتانە هەبێت[54].

بەشێک لە شارەزایان پێیانوایە، کاتێک کە دادگای دەستووری تەماشای دەستووریبوونی یاساکان دەکات، دەبێت لایەنی سیاسیش لەبەرچاوبگرێت لە تەک لایەنی یاسایی، چونکە چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان دوو ڕووی سیاسی و یاسایی هەیە، بۆیە پێویستە هەر دوو لایەنەکە پێکەوە ببەسترێن، کاتێک کە شرۆڤەی یاسایەک دەکەن. چونکە دادگای دەستووری لە ڕێگەی شرۆڤەکردنی ماددە دەستوورییەکان دەتوانێت ببێتە هۆی بەرزکردنەوەی بنەمای دەوڵەتی یاسا و بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان و پلەبەندی یاساکان و باڵادەستیی دەستوور و لەو ڕێگایەوە ماف و ئازادییە گشتییەکانی هاووڵاتییان

---

[52]) - د. وائل منذر البياتي، ملامح العدالة الدستورية في ضوء النظام الداخلي الجديد للمحكمة الاتحادية العليا، الطبعة الاولى، مركز البيان للدراسات و التخطيط، بغداد، 2022، ص ص 63-64.

[53] - عبدالوهاب شرقى، مساهمة القضاء الدستوري في تطوير نظرية الحقوق و الحريات الأساسية، أطروحة الدكتوراه مقدمة الى الكلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة محمد لمين دباغين- سطيف 2، 2021، ص 80.

[54] - د. زينة عبدالامير عبدالحسن، ، دور القضاء الدستوري في حماية الحقوق و الحريات العامة، دون ط. دون سنة النشر، ص 259.

بپارێزێت[55]. ئێمەش پشتگیریی ئەو بیروبۆچوونە دەکەین، چونکە لە وڵاتانی فیدرالی کە خاوەن پێکهاتەی جیاوازن لە ڕووی زمان، ئاین، نەتەوە و نەژادەوە، پێویستە دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە کاتی بڕیارداندا هەر دوو لایەنی یاسایی و سیاسی لەبەرچاوبگرێت و بە هۆی بڕیارەکانی بتوانێت هاوسەنگی لە نێوان پێکهاتەکان و بەرژەوندییەکانیان دروستبکات و ببێتە هۆی سەقامگیریی یاسایی و سیاسی لە عێراقدا، بەڵام ئەگەر بڕیارەکانیان تەنها لە بەرژەوندیی لایەنێک بێت و خۆی پێشێلی یاسا و دەستوور بکات، ئەو کات ڕۆڵەکەی نەرێنی دەبێت و مافی لایەنەکانی تر پێشێلدەکات.

## 2.3 ڕۆڵی دادگای باڵای فیدرالی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان

بۆ دیاریکردنی ڕۆڵی دادگای باڵای فیدرالی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان ئەو تەوەرە دابەشی دوو لقی سەرەکی دەکەین بە شێوەیەک کە لە لقی یەکەم باسی دەسەڵاتی دادگای باڵای فیدرالی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان دەکەین و لە لقی دووەم باسی بنەمای سەربەخۆبوونی دادگاکان دەکەین.

### 1.2.3. دەسەڵاتی دادگای باڵای فیدرالی لە پاراستنی مافە سیاسییەکان

بابەتی ڕێکخستن و پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکانی تاکەکان، یەکێکە لە پێوەرەکانی سیستەمی دیموکراسی کە لە دەستووری وڵاتان ڕێکدەخرێن، بەڵام نووسین و ڕێکخستنی ئەو ماف و ئازادییانە نابێتە گەرەنتییەکی پێویست بۆ پاراستنی کەرامەتی مرۆڤ و ئازادییەکانی بەرانبەر بە دەسەڵاتی جێبەجێکردن و دەسەڵاتی یاسادانان، بەڵکو پێویستە دەسەڵاتی سێیەم کە دەسەڵاتی دادوەرییە، چاودێری لەسەر دوو دەسەڵاتی تر بکات تاکو ڕێگری بکات لەوەی کە دەستدرێژی بکرێتە سەر مافە دەستووری و یاساییەکانی مرۆڤ[56]. لێرەدا ڕۆڵی دادگای دەستووری لە پاراستنی مافە سیاسییەکان بەدیاردەکەوێت، چونکە ئەو دادگایە بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسایانە دەدات، ئەگەر دژی ئەو مافە سیاسیانە بن کە لە دەستووردا هاتوون. هەروەها بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو حیزبە سیاسییانەش دەدات ئەگەر لە چوارچێوەی ڕێساکانی دەستووری و یاسایی دەرچوون. لە لایەکی تر، ئەو دادگایە بڕیاری دروستبوون و پاکبوونی هەڵبژاردنەکان دەدات و دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردن پەسەنددەکات[57].

هەروەکو باسمان کرد بۆ ئەوەی مافە سیاسییەکان جێبەجێبکرێن و پارێزراو بن، پێویستە دەستەیەکی دادوەریی سەربەخۆ هەبێت کە چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان بکات و ئەو یاساییانە هەڵبوەشێنێتەوە کە لە دژی دەستوور دەرچوونە، کە لە عیراقدا ئەو ڕۆڵە بە دادگای

---

[55] - د. عبدالصمد رحيم كريم زنگنه، دور القاضي الدستوري في حماية حقوق و الحريات العامة، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية، كلية الكتاب/ الجامعة – كلية القانون، ص 374.

[56] - د. زينة عبدالامير عبدالحسن و د. محمد صباح علي، دور القضاء الدستوري في حماية الحقوق و الحريات العامة، ص 258.

[57] - د. سليم عبدالكريم راضي السلامي، دور القضاء الدستوري في تنظيم الحياة السياسية، مجلة الكلية الاسلامية الجامعة، المجلد 2، العدد 65، 2022، ص527.

باڵای فیدراڵی دراوە. ئەو دادگایە تایبەتمەندە بە پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و پەسەندکردنی دروستی یان نادروستیی ئەندامەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران، هەروەها چاودێریی هەڵبژاردنەکان و ڕاپرسییە گشتییەکانیش دەکات کە لە عێراق ئەنجامدەدرێن، بۆیە بۆ ئەوەی کە زیاتر باس لە ڕۆڵی دادگای باڵای فیدراڵی بکەین کە پاراستنی مافە سیاسییەکانی هەبووە، ئەو بڕیارانە شرۆڤەدەکەین کە پەیوەندیدارن بە جێبەجێکردنی مافە سیاسییەکان، بۆیە بەم شێوەیەی خوارەوە باس دەکەین.

بڕیاری دادگای فیدراڵی لە عێراق ژمارە (106/104/99 ) لە (21/ 6/ 2018) کە تێیدا بڕیار لەسەر نادەستووریبوونی ماددەی (3) لە یاسای هەموارکراوی سێیەمی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران ژمارە (45) ساڵی (2013) دا. چونکە بە گوێرەی ئەو یاسایە، ئەنجامی دەنگەکانی دەرەوەی وڵات و ئاوارەکانی ناوخۆیی لە بەشێک لە پارێزگاکانی عێراقی هەڵدەوەشاندەوە، بۆیە دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاریدا کە ئەو یاسایە نادەستوورییە و دژی ماددەی (14)یە لە دەستوور، کە جەخت لەسەر بنەمای یەکسانی دەکات، بۆیە هەڵوەشاندنەوەی دەنگەکانیان دژی بنەمای یەکسانییە، هەروەها دژی ماددەی (20)ە لە دەستوور، کە تێیدا ئاماژە بە مافی هاووڵاتییان لە دەنگدان و هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن کردووە، هەروەها دژی ماددەی (38/یەکەمە) کە باسی ئازادیی ڕادەربڕین دەکات، چونکە دەنگدان ئامرازێکە بۆ دەربڕینی ئیرادەی دەنگدەران، لە کاتێکدا کە ئەو دەنگدەرانە هیچ تاوانێکیان ئەنجامنەداوە، بۆیە هەر یاسایەک کە مافی دەنگدان لە کەسێک قەدەغەبکات دژی بنەماکانی دەستوورە و بە پوچەڵ دادەنرێت[58].

ئێمەش پشتگیریی بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی دەکەین، چونکە بە گوێرەی ماددەی (3) لە یاسای هەموارکراوی یاسای هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران ژمارە (45) ساڵی (2013) ئەنجامی دەنگەکانی دەرەوەی وڵات و ئاوارەکانی ناوخۆیی لە هەر یەک لە پارێزگاکانی ئەنبار، سەلاحەددین، نینەوا و دیالی و ئاوارەکانی نیشتەجێی هەرێمی کوردستانی هەڵدەوەشاندەوە، کە ئەوەش دژی مافە سیاسییەکانی ئاوارەکان دەبوو، هەروەها دژی ئیرادەی ئاوارەکان ڕادەوەستا، چونکە هەموو هاووڵاتییانی عێراقی بە گوێرەی ماددەی (20) لە دەستووری مافی پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکانی وەکو دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتنیان هەیە و ناکرێت ئەو مافە لە هیچ کەسێک زەوتبکرێت و پێشێلبکرێت. هەروەها ئەو ماددەیە دژی ئازادیی ڕادەربڕینە چونکە ئەو کەسانە بۆیان هەبوو بە هۆی بەکارهێنانی مافی ئازادیی ڕادەربڕین، بیروبۆچوونی خۆیان لە ڕێگای سەندووقەکانی دەنگدان دەربڕن.

هەروەها بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵیی ژمارە (82 /2015) لە (2015/11/17) دەرچوو، تێیدا بڕیار لەسەر نادەستووریبوونی بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران دا، کە تێیدا بەگوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران، ئەو ئەنجوومەنە هەڵدەستا بە پڕکردنەوەی شوێنی کاندیدێک بە کاندێکی دیکە، بەبێ ئەوەی ڕەچاوی دەنگی دەنگدەران بکات، بەڵام دادگای باڵای فیدراڵی

[58] - بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (106/104/99) لە (2018/6/21).

بڕیاریدا کە ئیرادەی دەنگدەران لە چوارچێوەی هەڵبژاردنەکان، پێوەرە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران، هەر کاتێک شوێنی ئەندامێک بە بەتاڵی مایەوە. بە گوێرەی بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەران کورسییەک بۆ کەسێک بە ناوی (ن. ک. ع، ع) تەرخان کرا، بەڵام کەسێکی دیکە بە ناوی ( أ. ع. ز. ح) تانەی لەو بڕیارەدا بە هۆی ئەوەی کە ئەو دەنگی زیاتری بەدەستهێناوە. دادگای باڵای فیدراڵی بڕیاری نادەستووریبوونی ئەو بڕیارەدا، چونکە (أ. ع. ز. ح) (7594) دەنگی هێنابوو لەکاتێکدا کە (ن. ک. ع. ع) (6739) دەنگی هێنابوو، بۆیە ئەو بڕیارەی ئەنجوومەنی نوێنەران دژی ماددەی 38/ یەکەمە لە دەستووری عێراقی ساڵی 2005 هەروەها دژی ماددەی (14/سێیەم) لە یاسای ژمارە 45ی ساڵی (2013) کە دەڵێت: دابەشکردنی کورسییەکانی ئەنجوومەنی نوینەران بە گوێرەی ژمارەی دەنگەکانی ناو لیستەکان دەبێت و هەر کەسێک کە دەنگی زیاتری هێنا، ئەوا بە براوە دادەنرێت[59]. ئێمەش پیشتگیریی ئەو بڕیارەی دادگا دەکەین، چونکە بەگوێرەی دەستوور بە تایبەتی ماددەی (20) و ماددەی (38/یەکەم) دەرچووە.

بڕیاری ژمارە (6/ 2016) لە (8/9/ 2016) کە سەبارەت بە پاراستنی مافی دامەزراندنی حیزبی نوێی دەرکرا و بڕیار بە نادەستووریبوونی بڕگەی (6) لە ماددەی (9) دا، چونکە بەگوێرەی ئەو بڕگەیە، بڕوانامەی زانکۆیی بە مەرجێک بۆ دامەزراندنی حیزبی نوێ دانابوو، بەڵام بەگوێرەی بڕیاری دادگا، ئەو بڕگەیە دژی ماددەی (14) لە دەستوورە کە جەختی لەسەر بنەمای یەکسانی کردووە و دژی ماددەی (20)ە لە دەستوور، کە تێیدا ئاماژەی بە مافە سیاسییەکان کردووە و هەروەها دژی ماددەی (39)یە لە دەستوور، کە پەیوەندیدارە بە ئازادیی پێکهێنانی حیزبی سیاسی[60].

دادگای باڵای فیدراڵی لە عێراق لە ڕووی پاراستنی مافە سیاسییەکان، چەندین تایبەتمەندیی هەیە، بەشێکیان پەیوەندی بەوە هەیە کە پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنەکانی گشتی بۆ ئەنجوومەنی نوێنەران و ئەنجوومەنەکانی خۆجێیی لە دەسەڵاتی ئەو دادگایەدایە، هەروەها ئەو دادگایە تایبەتمەندە بە سەیرکردنی ئەو ناکۆکییانەی کە سەبارەت بە دروستی یان نادروستیی ئەندامەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران دێنە پێش. هەروەها دەسەڵاتی چارەسەرکردنی ئەو بابەتانەشی هەیە کە بە هۆی بڕیارەکان یان ڕێوشوێنی دەسەڵاتەکانی ئیتحادی پەیوەندیدار بە هەڵبژاردنەکانی خۆجێیی یان نوێنەران دروستدەبن. دادگای باڵای فیدراڵی دەسەڵاتی سەیرکردنی ئەو تانانەی هەیە کە سەبارەت بە دروستی یان نادروستی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوێنەران پێشکەش دەکرێن. بەڵام ئەو ناکۆکییانەی کە بە هۆی دروستی یان نادروستیی

---

([59]) - بڕیاری دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (82 /2015) لە (2015/11/17)

[60] - جابر عواد فرحان، الحكم بعدم دستورية و أثره في حماية الحقوق و الحريات في مصر و العراق ،
و د. مها بهجت أطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الحقوق ، جامعة عين شمس، 2019، ص ص 315-314.
يونس و الباحث محمد حازم علي، رقابة القضاء الدستوري على مخالفة الاحكام الموضوعية المتعلقة بمبدأ المساواة في العملية الانتخابية، مجلة المستنصرية للدراسات العربية و الدولية، المجلد 17، العدد 70، 2020، ص 62.

ئەندامانی ئەنجوومەنی خۆجێیی یان سەرۆکایەتیی دەسەڵاتەکانی خۆجێیی دروستدەبن، لە دەسەڵاتی دادگای کارگێڕییە، کە ئەوەش لە ماددەی (6/سێیەم) و (7/هەشتەم) لە یاسای ژمارە (21) ساڵی (2008)ی هەمواری یاسای پارێزگاکانی ڕێکنەخراو لە هەرێم ئاماژەپێدراوە[61].

کەواتە ئەگەر سەیری ڕۆڵی دادگای کارگێڕی بکەین لە پاراستنی ماف و ئازادییەکان، بە تایبەتی مافە سیاسییەکان دەبینین، کە ئەو دادگایە تایبەتمەندە بە سەیریکردنی هەموو ئەو تانانەی هەڵبژاردنەکان کە بۆی ڕەوانەدەکرێن، تەنها تانەکانی پەیوەندیدارن بە بڕیارەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران کە پەیوەندیدارن بە دروستیی ئەندامانەکانی دەردەکات، نەبێت، کە دادگای باڵای فیدراڵی سەیری ئەو تانانە دەکات، دوای ئەوەی کە ئەنجوومەنی نوێنەران بڕیار لەسەر دروستی یان نادروستیی ئەندامەکانی دەدات. جگە لەوە دادگای کارگێڕی سەیری ئەو بڕیارانە دەکات کە لە لایەن دەسەڵاتی کارگێڕییەوە دەردەچن و ئەگەر پێچەوانەی یاسا بن، ئەو بڕیارانە پوچەڵ دەکاتەوە و ئەگەر بە هۆی ئەو بڕیارانە، ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان تووشی زیان بووبێت، بڕیاری قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانانەش دەدات[62].

لە لایەکی ترەوە، سەبارەت بە ئەنجامدانی ڕاپرسی کە مافێکی سیاسییە، ئەو دادگایە بڕیاری نادەستووریبوونی ئەو ڕاپرسییەی دا کە لە (2017/9/25) لە هەرێمی کوردستان و پارێزگای کەرکووک و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم ئەنجامدرا، کە تێیدا دادگا باسی ئەوە دەکات کە ئەو ڕاپرسییە ئامانجی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستانە و دژی ماددەی (1)ە لە دەستوورە، کە دەڵێت: عێراق دەوڵەتێکی ئیتحادی سەربەخۆی خاوەن سەروەریی تەواوە و سیستەمەکەی کۆماری نوێنەرایەتیی پەرلەمانییە و ئەو دەستوورە گەرەنتیی پاراستنی یەکپارچەیی عێراقە، هەروەها ئەو دادگایە بە بڕیاری ژمارە (122) ئیتحادی لە (2017/11/6) دەڵێت: جیابوونەوەی هەر پێکهاتەیەک لە پێکهاتەکانی عێراق دژی ماددەی (116)ی دەستوورە، بۆیە بە گوێرەی ئەو بڕیارە هەموو ئاسەوارە یاساییەکانی ئەو ڕاپرسییە هەڵدەوشێنێتەوە، و ئەو بڕیارەش بە گوێرەی ماددەی (94) لە دەستووری عێراقی و ماددەی (5 /دووەم) لە یاسای دادگای باڵای فیدراڵی ژمارە (30) ساڵی (2005) بڕیارێکی کۆتاییە و ناکرێت تانەی لێ بدرێت.[63] بە بڕوای ئێمە ئەو بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی بڕیارێکی نایاساییە و دژی بنەمای مافی چارەی خۆنووسینە، کە یەکێکە لە بنەماکانی فەرمانکەر لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی، کە لە بەشی دووەمی ئەو توێژینەوەدا بە تێروتەسەلی باسمان لەو مافە کردووە، کە یەکێکە لە مافە سیاسییەکانی هەر گەلێک کە خاوەن هەرێم و گەل و دەسەڵاتێکی سیاسی بێت. لە لایەکی ترەوە، ئەو دادگایە پشت بە دەستووری عێراق دەبەستێت بۆ پوچەڵکردنەوەی ئاسەوارەکانی ئەو ڕاپرسییە، لە کاتێکدا کە یاسای نێودەوڵەتی

---

(61) - د. نجلاء مهدي محسن بحر، الدور السياسي لمجلس الدولة في العراق، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد 12، العدد 1، حزيران 2021، ص 416-417.

(62) - بيداء عبدالجواد، الحماية القضائية للحقوق السياسية في الشريعة الاسلامية و القانون الوضعي، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد 14، العدد 50، السنة 16، ص 329.

(63) - بڕیاری ژمارە (93/92/91/89) ئیتحادی 2017

باڵایی لەسەر دەستووری وڵاتانەوە هەیە و هیچ وڵاتێک ناتوانێت بە پشتبەستن بە دەستوور یان یاساییکی ناوخۆیی خۆی، دژی یاسای نێودەوڵەتیی گشتی هەڵسوکەوت بکات و ئەو یاسایە پێشێلبکات.

هەروەها سەبارەت بە پاراستنی مافی بەدەستهێنانی ئەرکە گشتییەکان، دادگای باڵای فیدرالی لە بڕیارێکدا کە لە ساڵی (2013) دەریکردووە، بە هۆی ئەوەی کە داواکار داوای هەڵوەشاندنەوەی ماددەی (23) لە یاسای پارێزگاکان و قەزا و ناحییەکانی ساڵی (2008) دەکات و دادگاش بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەو ماددەیەی دا، بە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ماددەی (16) لە دەستوور ناگونجێت کە تێیدا باس لە دەرفەتی یەکسان بۆ هەموو عێراقییەک دەکات، چونکە بەگوێرەی بڕگەی یەکەم لە ماددەی (23) لەو یاسایەدا دەڵێت: پێویستە ئەرکە گشتییەکانی پارێزگای کەرکووک بۆ هەر سێ پێکهانەی سەرەکیی کەرکووک بێت، هەروەها بەگوێرەی بڕگەی دووەمی ئەو ماددەیە دەڵێت: پێویستە لێژنەیەک پێکبهێنرێت بە شێوەیەک کە هەر سێ پێکهاتەی سەرەکیی کەرکووک، دوو نوێنەریان هەبێت، کە ئەوەش دژی ماددەی (26)یە لە دەستوور کە دەڵێت: دەبێت ئەرکە گشتییەکان بۆ هەموو عێراقییەکان وەکو یەک بن، هەروەها دژی ماددەی (16)یە لە دەستوور، کە دەڵێت: نابێت یاسایەک دژی ماف و ئازادییەکان کە لەو دەستوورەدا هاتووە، دەربچێت.

هەر وەکو لە سەرەوە ئاماژەمان پێداوە، دادگای باڵای فیدرالی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە پاراستنی ماف و ئازادییە گشتییەکان بۆ سەرجەم تاکەکان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا چەندین بڕیاری بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکانی پێکهاتەکانی عێراق دەرکردووە، کە دەتوانین لێرەدا ئاماژە بە بڕیارێک بدەین، کە سەبارەت بە مافە سیاسییەکانی پێکهاتەی سائبی دەرکردووە و تێیدا ئاماژەی بەوە داوە کە بڕگەی (ج) لە ماددەی یەکەم لە یاسای ژمارە (26) ساڵی (2009) کە یاسای هەموارکردنەوەی یاسای هەڵبژاردن ژمارە (16) ساڵی (2005) بوو و تێیدا جەخت لەوە دەکاتەوە کە ئەو بڕگەیە دژی ماددەی (16) و ماددەی (20)ە لە دەستووری ساڵی (2005) عێراقی، چونکە بە گوێرەی ئەو بڕگەیە تەنها یەک کورسیی کۆتا بۆ پێکهاتەی سائبی لە پارێزگای بەغدا تەرخانکرابوو، بەو شێوەیەش هاووڵاتییان پێکهاتەی سائبی لە شوێنەکانی تر لە مافە سیاسییەکانی خۆیان وەکو مافی دەنگدان، هەڵبژاردن و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنی نوێنەرەکانیان لە پەرلەمانی عێراق بێبەش دەبوون [(64)].

بەڵام دوای ئەوەی کە دادگای باڵای فیدرالی بۆ ماوەیەک لە کار ڕاوەستا، ئەویش بە هۆی ئەوەی کە یەکێک لە ئەندامەکانی کۆچی دوایی کرد[65] و یەکێکی تر خانەنشین بوو و بە هۆی ئەوەی کە هیچ دەقێک لە یاسای دادگای باڵای فیدرالی نەبوو کە شێوەی دەستنیشانکردنی

---

[(64)] - بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی ژمارە 6 ئیتحادی 2010 و بڕیاری ژمارە 7 ئیتحادی 2010 لە 2010/3/2 وەرگیراوە لە د. شورش حسن عمر و د. خاموش عمر عبدالله، دور المحكمة الاتحادية العليا العراقية في حماية حقوق المكونات، مجلة الكوفة للعلوم القانونية و السياسية، المجلد 1، العدد 48، 2021، ص 79.

)- دادوەر عبود التميمي لە تەمەنی 94 ساڵی لە ساڵی 2020 کۆچی دوایی کرد.[65](

ئەندامانی نوێ دیاریبکات، ئەوە لە لایەک و لە لایەکی تر بە هۆی هەڵبژاردنی پێش کاتەی ئەنجوومەنی نوێنەران کە پێویست بوو ئەو دادگایە، دەرئەنجامەکانی پەسەندبکات، لایەنە سیاسییەکان هەوڵی هەمواركردنەوەی یاسای ژمارە (30)ی ساڵی (2005) یاسای دادگای باڵای فیدرالییان دا، بەڵام ئەو هەمواركردنەوە چەندین دژایەتیی دەستووری ساڵی (2005) تێیدا بوو، چونکە هەمواركردنەوەی یاسای دادگای باڵای فیدراڵی پێویستی بە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامانی ئەنجوومەنی نوینەران هەبوو، بەڵام ئەنجوومەنی نوێنەران بە دەنگی زۆرینەی سادە بڕیاری هەمواركردنەوەی یاسای دادگای باڵای فیدرالییان دا، هەروەها ئەو هەمواركردنەوە شارەزایانی فیقهی ئیسلامی و شارەزایانی یاسایی لە ئەندامبوون لەو دادگایە بێبەش کرد کە ئەوەش هەر دژی ماددەی (92/دووەم) لە دەستووری ساڵی (2005) عێراقی بوو[66].

یەکێک لە گرنگترین بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرالی کە بۆ مەبەستی پاراستنی مافە سیاسییەکان دەرچووە، ئەویش بڕیارێکە کە لە ڕێکەوتی (2023/5/30) دەرچووە، تێیدا بڕیار بە نادەستووریبوونی یاسای ژمارە (12) ساڵی (2022) داوە، کە یاسای بەردەوامبوونی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراقە کە بە گوێرەی ئەو یاسایە پەرلەمان تەمەنی خۆی بۆ کۆتایی وەرزی یاسادانانی پایزەی ساڵی (2023) درێژکردووە کە ئەو درێژکردنەوەش بۆ ئەوەیە کە لەو ماوەیەدا ئامادەکاری بکرێت بۆ ئەوەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد لە هەرێمی کوردستان ئەنجامبدرێت.

دادگای باڵای فیدرالی بە پشتبەستن بە ماددەی (5) ماددەی (14) و ماددەی (20) لە دەستووری عێراقی ساڵی (2005)، کە ئەو ماددانە تایبەتن بە پاراستنی مافە سیاسییەکان، دەرکردووە، جگە لەوە پشتی بە ماددەی (51) لە یاسای ژمارەی (1) ساڵی (1992) بەستووە، چونکە لەو ماددەیە ئاماژە بەوە دەدات، کە تەمەنی پەرلەمان چوار ساڵە، لە یەکەمین کۆبوونەوەی پەرلەمان دەستپێدەکات و لە کۆتایین کۆبوونەوەی ساڵی چوارەم کۆتایی پێدێت. هەروەها بە گوێرەی بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی کە پشت بە ماددەی (13) لە دەستوور دەبەستێت، هەموو ئەو یاسایانەی کە لە دوای درێژکردنەوە خولی پێنجەم دەرچوونە بە پوچەڵ دادەنرێت.

ئێمەش پشتگیری ئەو بڕیارەی دادگای باڵای فیدرالی دەکەین، چونکە هەروەکو پێشتریش ئاماژەمان پێداوە یەکێک لە پێوەرەکانی دیموکراسی، ئەوەیە کە هەڵبژاردن بە شێوەی دەوری و لە کاتی خۆ ئەنجامبدرێت، و ماوەی پەرلەمان چوار ساڵە، بۆیە بە کۆتاییهاتنی ئەو ماوەیەش تەمەنی پەرلەمان کۆتایی پێدێت، چونکە گەل تەنها بۆ ماوەی ئەو چوار ساڵە متمانەی بە پەرلەمان داوە، گەل سەرچاوەی هەموو دەسەڵاتەکانە و ئەو دەسەڵاتانە ڕەوایەتیی خۆیان لە

---

[66] - د. شورش حسن عمر و د. لطيف مصطفى امين، مدى دستورية تعديل قانون المحكمة الاتحادية العليا رقم 30 لسنة 2005، مجلة كلية الحقوق جامعة النهرين، المجلد 2003، العدد 3 تموز، 2021، ص 99 ومابعدها.

گەل وەردەگرن، بۆیە بۆ درێژکردنەوەی تەمەنی خۆی پێویستە دووبارە متمانە لە گەل وەربگرێت کە ئەویش لە چوارچێوەی هەڵبژاردنێکی پاک و بێگەرد دەکرێت[67].

هەروەها سەبارەت بە درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان، کە بەگوێرەی یاسای ژمارە (2) ساڵی (2019) یاسای هەموارکردنی یەکەمی یاسای پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان- عێراق ژمارە (3) ساڵی (2009) درێژکرابووەوە، دادگای باڵای فیدراڵی بە بڕیاری ژمارە (124/ئیتحادی/2023) بڕیاری نادەستووریبوونی ماددەی (2) لەو یاسایە دا، بەو شێوەیە کۆتایی بە کاروباری ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان هێنا، بە هۆی ئەوەی کە درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دژی ماددەی (2/یەکەم/ب و ج) و ماددەی (6) لە دەستووری عێراقی ساڵی (2005) دەبێت. ئێمەش پشتگیریی ئەو بڕیارەی دادگای باڵای فیدراڵی دەکەین، چونکە ماوەی ئەندامبوون لەو ئەنجومەنانە چوار ساڵە و ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە پێویستە لە ڕێگای هەڵبژاردن جارێکی دیکە هەڵبژێردرێن، بۆیە درێژکردنەوە ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دژی بنەماکانی دیموکراسی بوو، جگە لەوە پێکهێنانی ئەو ئەنجومەنانە پێویستە لە ڕێگای پەیڕەوکردنی مافە سیاسییەکانی هاووڵاتییان بێت، بۆیە دەکرێت بڵێین کە درێژکردنەوەی ماوەی ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان دژی ئەو ماف و ئازادییانە بوو کە لە دەستووری ساڵی (2005) عێراقی جێگیر کراون بە تایبەتی دژی مافە سیاسییەکانی هاووڵاتییان بوو. جگە لەوە بە گوێرەی ماددەی (6) لە دەستووری عێراقی پێویستە دەستاودەستکردنی دەسەڵات لە ڕێگای ئامرازەکانی دیموکراسی بن کە لە دەستووری عێراقی ئاماژەپێیدراوە، بۆیە پێویستە ئەنجومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە ڕێگای هەڵبژاردن پێکبهێنرێن نەوەک لە ڕێگای هەموارکردنی یاسا درێژبکرێنەوە.

### 2.2.3 بنەمای سەربەخۆیی دادگا

سەربەخۆیی دادگاکان، یەکێکە لە گرنگترین پێوەرەکانی دەوڵەتی یاسایی، بۆیە بوونی دەستوور و بنەمای جیاکردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەکان و سەروەریی یاسا کە گەرەنتین بۆ پاراستنی ماف و ئازادییەکان بە گشتی و بە تایبەتی بۆ مافە سیاسییەکان، بەبێ بوونی دادگایەکی

---

[67] - شایانی ئاماژە پێدانە، کە بە هەمان شێوەی یاسای ژمارە 12 ساڵی 2022 کە یاسای درێژکردنەوەی خولی پێنجەمی پەرلەمانی کوردستان – عێراقە ، پێشتریش بە گوێرەی یاسای ژمارە 1 ساڵی (2017) یاسای درێژکردنەوەی خۆلی چوارەمی پەرلەمانی کوردستان – عیراق بۆ دوو خۆل درێژ کراوە. جگە لەوە خولی سێیەمی پەرلەمانیش بە گوێرەی یاسای ژمارە (18) ی ساڵی (2013) کە یاسای دێژکردنەوەی خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان- عێراقە، بە پێی ماددەی یەکەم لەو یاسایە ئاماژە بەوە دەدات کە خولی هەڵبژاردنی سێیەمی پەرلەمان کوردستان- عێراق کە لە (2013/8/20) تەواو دەبێت، بەردەوام دەبێت و پەرلەمان تا 2013/11/1 لەسەر کاری خۆی دەمێنێتەوە و هەڵبژاردن لە (2013/9/31) ئەنجام دەدرێت. هەروەها بە گوێرەی یاسای ژمارە (19) ساڵی (2013) کە یاسای درێژکردنەوە ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کوردستان – عێراقە، بە گوێرەی ماددەی یەکەم ویلایەتی سەرۆکی هەرێم کە لە (2013/8/20) تەواو دەبێت درێژ دەکرێتەوە تاکو (2015/8/19) کە بۆ دووەم جار یارای درێژکردنەوەی نییە.

سەربەخۆ کە بەگوێرەی ڕێساکانی دەستووری و یاساکان بڕیار بدات و سزای لایەنە پێشێلکارەکان بدات هیچ بەهایەکیان نابێت. سەربەخۆیی دادگاکان ئەو کاتە دەتوانرێت وەکو گەرەنتییەک دابنرێت کە دادگایەکی بەهێز و بێلایەن هەبێت[68].

بنەمای سەربەخۆیی دادگاکان لەسەر ئاستی یاسای نشتیمانی و یاسای نێودەوڵەتی لە زۆربەی دەستووری وڵاتان و ڕێکەوتننامەکانی نێودەوڵەتی جێگیرکراوە، بۆ نموونە لە دەستووری فەڕەنسی ساڵی (1968) لە ماددەی (64) هاتووە کە سەرۆککۆمار پارێزەری سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەرییە. لە دەستووری ساڵی (2005) دەڵێت: کە دەسەڵاتی دادوەری سەربەخۆیە و دادگاکان بە هەموو جۆر و پلەکانی لەخۆدەگرێت و بڕیارەکانی تەنها بەگوێرەی یاساکان دەردەچێت، هەروەها دەڵێت: کە دادوەران سەربەخۆن و جگە لە یاسا هیچ دەسەڵاتێکی دیکە لە سەرووی ئەوانەوە نییە. بۆیە نابێت دادگا و دادوەران سەر بە لایەنە سیاسییەکان بن یان لە ژێر کاریگەریی گوشارە ماددی و مەعنەوییەکاندا بن[69].

لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لە ماددەی (10) لە جاڕنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤی ساڵی (1948) هاتووە کە هەموو مرۆڤێک مافی ئەوەی هەیە بە شێوەی یەکسان لە دادگایەکی دادپەروەر و بێلایەن و ئاشکارا دادگایی بکرێت، تاکو ماف و ئەرکەکانیان پارێزراو بن.

سیستەمی دادوەری بەردی بناغەی بەدیهێنانی دادپەروەرییە، لە نێوان سەرجەم هاووڵاتییاندا، هەروەها ئەمرازێکە بۆ پاراستنی ئەو ماف و ئازادییانەی کە لە دەستوور یان یاساکان جێگیرکراون، ئەوەش بەبێ بوونی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بەدیناکرێت، چونکە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری مەرجێکی بنەڕەتییە بۆ دابینکردنی دادپەروەری[70].

جیاوازی لە نێوان سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری و بێلایەنیی دەسەڵاتی دادوەری ئەوەیە، کە سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بە واتای ئەوە دێت، هیچ دەسەڵاتێکی تر دەستێوەردان لە کاروباری دەسەڵاتی دادوەری نەکات، لە کاتێکدا کە بێلایەنیی دەسەڵاتی دادوەری بریتییە لە توانای خودی دادوەرەکان، تاکو بە بێلایەنی و بەگوێرەی یاسا و ڕاستیی داواکان بڕیار بدەن بەبێ ئەوەی مافی لایەنێک لە لایەنەکانی داواکەی پێشێلبکەن[71].

بۆ چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان پێویستی بە بێلایەنیی دادوەران هەیە، بەبێ ئەوەی بکەونەوە ژێر کاریگەریی بەرژەوندی یان داواکاریی لایەنە سیاسییەکان، بۆیە بێلایەنی و سەربەخۆیی دادوەرانی دەستووری گەرەنتییەکە بۆ پاراستنی سەربەخۆیی دادگاکان، کە

---

(68) - د. خليل حميد عبدالحميد، مبدأ استقلال القضاء بين النظرية و التطبيق، مجلة كلية المأمون الجامعة، العدد 16، 2010، ص 126.

(69) - د. عقيل محمد عبد و هديل هاني صيوان، الحريات الفكرية في دستور جمهورية العراق الدائم لسنة 2005 (دراسة في الضمانات القانونية و السياسية، مجلة دراسات تاريخية، المجلد 1 ، العدد19-20، 2015، ص 191.

(70) - د. يحيى قاسم علي سهل، الضمانات الدستورية في تعزيز استقلال القضاء، مجلة تهامة العدد الثاني عشر، ديسمبر 2020، ص 7.

(71) - د. خليل حميد عبدالحميد، مصدر سابق، ص 123.

ئەوەش خۆی لە خۆیدا یەكێكە لە بنەما دەستوورییەكان. مەبەست لە بێلایەنیی سیاسیی دادوەران ئەوەیە، كە نابێت ڕێگا بدرێت دەستێوەردانی سیاسی بكرێتە ناو كاروباری دادگا، تاكو دادوەران بتوانن دادپەروەرانە بڕیار بدەن و یەكەمین هەنگاو بۆ ئەو كارەش بریتییە لەوەی كە نابێت دادوەران ببنە ئەندام لە حیزبە سیاسییەكاندا، چونكە بەشداریكردنی دادوەران لە حیزبە سیاسییەكان و پابەندبوونیان بە بڕیارەكانی حیزبەكانیان دەبێتە هۆی ئەوەی كە بێلایەنیی خۆیان لەدەستبدەن [72].

سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری بە شێوەی تەواو و ڕەها لە دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێكردن كارێكی ئەستەمە، چونكە لە بەشێك لە وڵاتان بە پلەی جیاواز دەسەڵاتی دادوەری لەژێر كاریگەریی دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێكردن دەبێت. شێوازی دەستێوەردان دەسەڵاتی یاسادانان لە كاروباری دەسەڵاتی دادوەری ئەوەیە كە بە پەسەندكردنی یاساكان و ڕێكخستنی یاسایی ڕۆڵیان لە كاروباری دەسەڵاتی دادوەری دەبێت، لە لایەكی ترەوە، دەسەڵاتی دادوەری دەكەوێتە ژێر كاریگەریی فەلسەفەی سیاسیی ئەو سیستەمەی كە لە وڵاتاندا هەیە و فەلسەفەی سیاسیی وڵاتیش كاریگەری لەسەر یاساكانی ئەو وڵاتە دادەنێت. سەبارەت بە دەسەڵاتی جێبەجێكردنیش لە بەشێك لە وڵاتان دامەزراندنی دادوەران و پلەبەرزكردنەوە و ڕەوانەكردنی دادوەران بۆ خانەنشینی لە تایبەتمەندییەكانی دەسەڵاتی جێبەجێكردندایە و بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ دەستێوەردان لە كاروباری دەسەڵاتی دادوەریدا دەكەن[73].

سیستەمی دادوەریی سەربەخۆ پەیوەندییەكی ڕاستەوخۆی لەگەڵ سیستەمی دیموكراسی هەیە، چونكە لە سیستەمی دیموكراسیدا ڕێز لە مافەكانی مرۆڤ دەگیرێت، بۆیە بنەمای سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەبێتە هۆی ئەوەی كە دەسەڵاتی یاسادانان و دەسەڵاتی جێبەجێكردن نابێت دەستێوەردان لە دەسەڵاتی دادوەریدا بكەن، بۆیە لە دەستوورەكانیش دەسەڵاتی سەربەخۆ لە دەسەڵاتەكانی دیكە بە دەسەڵاتی دادوەری دەدرێت. لە لایەكی ترەوە، دەتوانین بڵێین بنەمای سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، پەیوەندی بە بنەمای جیاكردنەوە لە

---

[72] - حیدر سامي رشيد، مصدر سابق، ص 385. سەبارەت بە هەڵبژاردنی دادوەرانی دادگای باڵای فیدراڵی و ماوەی ئەندام بوونیان، پێویستە ماوەی ئەندامبوونیان دیاریكراو بێت، نەوەک تاكو كۆتایی ژیانیان بێت، چونكە ئەگەر ماوەی ئەندام بوونی دادوەران لە دادگای باڵای فیدراڵی تاكو كۆتایی ژیانیان بێت، بەو شێوەیە ڕێگری دەكرێت لەوەی كە كەسانی تری شارەزا دەرفەتی ئەوەیان هەبێت كە لەو دادگایەدا، تواناكانی خۆیان بەگەڕ بخەن. لە لایەكی تر دەستێوەردانی دەسەڵاتەكانی جێبەجێ كردن و یاسادانان لە هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی ئەو دادگایە، پێشێلی بنەمای جیاكردنەوە لە نێوان دەسەڵاتەكان دەكات، و كاریگەری لەسەر بێ لایەنی و سەربەخۆ بوونی دادگاكە دادەنێت، بۆیە بە گوێرەی سیستەمی دیموكراسی و سیستەمی فیدراڵی پێویستە هەڵبژاردنی سەرۆک و ئەندامانی دادگای فیدراڵی لە ڕێگای ئەنجوومەنی باڵای دادوەری و ئەنجوومەكانی دادوەری لە هەرێمەكان بێت. دولة احمد عبدالله و بيداء عبدالجواد محمد توفيق، دور المحكمة الاتحادية في حماية حقوق الانسان فى العراق، مجلة الرافدين للحقوق ، المجلد 13، العدد 49، السنة 16، 2010، ص 374.

[73] - المصدر نفسه، ص 131-132.

نێوان دەسەڵاتەکانەوە هەیە، کە بە هۆیەوە تەنها دادگاکان دەسەڵاتی یەکلاییکردنەوەی ئەو بابەتانەیان هەیە کە ئاراستەیان دەکرێت، بەبێ ئەوەی کە گوشاری دەسەڵاتەکانی دیکەی لەسەری بێت[74].

لەژێر ڕۆشنایی بنەمای سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری دەتوانین بڵێین ئەو بنەمایە پەیوەندی بە بنەمای سەروەریی یاساش هەیە، کە دەبێتە هۆی پاراستن و جێبەجێکردنی سەرجەم ماف و ئازادییەکان، چونکە هەر کاتێک پێشێلی مافەکانی مرۆڤ کرا، بە تایبەتی مافە سیاسییەکان، تاکەکان دەتوانن پەنا بۆ دادگا ببەن و ئەگەر دادگا سەربەخۆ و بێلایەن بێت و گوشاری هیچ لایەنێکی لەسەری نەبێت دەتوانێت بەرگیری لە ماف و ئازادییەکانی هاووڵاتییان بکات و بە هۆیەوە دادپەروەریش جێبەجێ بکات.

ئێمەش پشتگیری لە بنەمای سەربەخۆیی دادگاکان لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا دەکەین. بۆ ئەو مەبەستەش دەسەڵاتی دادوەری و بە تایبەتیش دادوەران پێویستە بێلایەن بن و سەر بە لایەنە سیاسییەکان نەبن و حیزبە سیاسییەکان بە شێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ دەستێوەردان لە دامەزراندنی دادوەران نەکەن. لە لایەکی ترەوە، پێویستە هەر بڕیارێک کە لە لایەن دادگاکانەوە دەردەچێت جێبەجێبکرێت.

## 4. ئەنجام

دوای ئەوەی توێژینەوەمان لەسەر بابەتی گەرەنتییەکانی دادوەری پاراستنی مافە سیاسییەکان کرد دەتوانین گرنگترین ئەنجامەکانی بەو شێوەیەی خوارەوە باس بکەین:

1- گرنگترین مافە سیاسییەکان بریتین لە هەر یەک لە مافی هەڵبژاردن، خۆپاڵاوتن، دامەزراندنی حیزب یان کۆمەڵەی سیاسی و ئەندامبوون لە حیزب سیاسی یان کۆمەڵەی سیاسی، هەروەها ئەنجامدانی کۆبوونەوە و ئازادیی ڕادەربڕین بە ئامرازەکانی پەیرەوکردنی مافە سیاسییەکان دادەنرێن. بەدەستهێنانی مافە سیاسییەکان بەبێ بوونی ڕەگەزنامە و پەیرەوکردنی بنەمای چارەی خۆنووسین دەستەبەرناکرێت.

2- گەرەنتییەکانی دادوەری بە چالاکترین و سەرەکیترین گەرەنتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان دادەنرێت، چونکە لە ڕێگای دادگایەکی سەربەخۆ و بێلایەن دەکرێت ڕێگا لە پەسەندکردن یان هەڵوەشاندنەوەی ئەو یاسا و ڕێنماییانە بگیرێت کە لە دژی مافە سیاسییەکان دەردەچن.

3- گەرەنتییەکانی دەستووری و یاسایی بەبێ بوونی گەرەنتییەکانی دادوەری ناتوانن مافە سیاسییەکان بپارێزن، چونکە لە ڕێگای چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان ڕێگا لە پەسەندکردن یان جێبەجێکردنی ئەو یاسا و ڕێنماییانە دەگیرێت کە لە دژی مافە سیاسییەکان دەردەچن.

---

[74] - د. محمد حسين شنكالي، مصدر سابق، ص 206 -207.

4- چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان بە یەکێک لە گەرەنتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان دادەنرێت، کە پەیوەندی بە گەرەنتییەکانی دادوەریی پاراستنی مافە سیاسییەکانەوە هەیە، چونکە ئەرکی چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان لە ئەستۆی دادگایەکی تایبەتە کە بە دادگای دەستووری ناوزەندەدەکرێت.

5- چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان لە عێراق لە ئەستۆی دادگای باڵای فیدرالییە، ئەو دادگایە ڕۆڵێکی سەرەکی و یەکلاییکەرەوەی هەیە لە پاراستنی مافە سیاسییەکان، چونکە لە ڕێگای دەستووریبوونی یاساکان و ڕێنماییەکان هەموو ئەو یاسا و ڕێنماییانە هەڵدەوشێنێتەوە کە لە دژی ئەو مافە سیاسییانەوە دەردەچن کە لە دەستووری ساڵی 2005 ی عێراق جێگیرکراون.

6- بنەمای سەربەخۆیی دادگاکان بە یەکێکی تر لە گەرەنتییەکانی پاراستنی مافە سیاسییەکان دادەنرێت کە پەیوەندی بە گەرەنتییەکانی دادوەریی پاراستنی مافە سیاسییەکانەوە هەیە. دادگا دەستوورییەکان دەبێت لە بەڕێوەبردنی سەرجەم کاروبارەکانیان و بڕیارەکانیان سەربەخۆ و بێلایەن بن و ئەو بێلایەنییە هەموو لایەنەکانی دارایی و بەڕێوەبردن و دامەزراندن و سزادان و خانەنشینیی دادوەران لەخۆدەگرێت.

7- بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرالی کە سەبارەت بە پاراستنی مافە سیاسییەکان دەریکردووە، ڕێگای لە جێبەجێکردنی ئەو یاسا و ڕێنماییانە گرتووە، کە لە دژی ئەو مافە سیاسییانە دەرچوونە کە لە دەستووری ساڵی 2005ی عێراق جێگیرکراون.

8- بڕیارەکانی دادگای باڵای دەستووری سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای درێژکردنەوەی تەمەنی پەرلەمانی هەرێمی کوردستان و ئەنجوومەنی پارێزگا، قەزا و ناحیەکانی هەرێمی کوردستان، بڕیارەکانی یاسایی و دەستوورین و لەگەڵ بنەماکانی دەستووری عێراقی ساڵی (2005) دەگونجن، چونکە بەگوێرەی سیستەمی دیموکراسی و دەستووری عێراقی پێویستە هەر چوار ساڵێک هەڵبژاردن بکرێت و دەسەڵاتی یاسادانان و ئەنجوومەنی پارێزگا و قەزاکان لە ڕێگای هەڵبژاردنەوە ڕەوایەتیی خۆیان لە گەل وەربگرن.

9- بڕیاری دادگای باڵای فیدرالی سەبارەت بە نادەستووریبوونی ئەو ڕاپرسییەی کە لە هەرێمی کوردستان و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی ئەنجامدرا، بڕیاری نایاسایی بوو، چونکە ئەو ڕاپرسییە بە پشتبەستن بە بنەمای مافی چارەی خۆنووسین ئەنجامدرا، کە بنەمایەکە لە چوارچێوەی یاسای نێودەوڵەتی ڕێکخراوە و هێزی پابەندبوونی هەیە و پێویستە هەموو لایەنێک پێوەی پابەند بێت.

10- دادگای باڵای فیدرالی بۆ پاراستنی مافە سیاسییەکان لە ڕێگای پەسەندکردنی دەرئەنجامەکانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران و لێکۆڵینەوە لە دروستی یان نادروستیی ئەندامیەتیی ئەندامانی ئەنجوومەنی یاسادانان ڕۆڵێکی کاریگەری بۆ جێبەجێکردنی مافە سیاسییەکانی هەیە.

دووەم: پێشنیازەکان

1- پێویستە چاودێریی دەستووریبوونی یاساکان پێشوەختە ئەنجامبدرێت بە شێوەیەک کە لە دوای پەسەندکردنی یاساکان لە لایەن دەسەڵاتی یاسادانان، ئەو یاسایە ڕەوانەی دادگای باڵای فیدرالی بکرێت تاکو دەستووریبوون یان نادەستووریبوونی ئەو یاسایە دیاربکرێت و لە دوای دڵنیابوون لە دەستووریبوونی، ئەو کات یاساکە بە مەبەستی جێبەجێکردن بڵاوبکرێتەوە.

2- پێویستە دادگای باڵای فیدرالی لە کاتی دەرکردنی بڕیارەکانی، بێلایەنیی خۆیان بپارێزن و سەربەخۆ بن و نەکەونە ژێر کاریگەریی بەرژەوندیی لایەنە سیاسییەکان و لەژێر گۆشاری لایەنەکانی ناوخۆیی و هەرێمی بڕیاری نایاسایی و نادەستووری دەرنەکەن بە تایبەتی ئەو بۆ ئەو بڕیارانەی کە سەبارەت بە مافە سیاسییەکان دەردەکات.

3- سەبارەت بەو سکاڵایانە کە پێشکەشی دادگای باڵای فیدرالی دەکرێت و ڕەهەندێکی سیاسییان هەیە، پێویستە ئەو دادگایە ڕەچاوی هاوسەنگی و بەرژەوندیی سەرجەم پێکهاتەکانی عێراقی بکات و بڕیارەکاتی بۆ بەرژەوندیی لایەنێکی دیاریکراو نەبێت، تاکو بە هۆی بڕیارەکانی قەیرانی یاسایی، سیاسی و کۆمەڵایەتی لە عێراق دروستنەبێت.

4- بە هۆی ئەوەی کە بڕیارەکانی دادگای باڵای فیدرالی پلەی کۆتاییان هەیە و یەکلاییکەرەوەن و ناکرێت لەلایەن هیچ دەستەیەکی دادوەریی دیکە تانەی لێ بدرێت، پێویستە مافی پەشیمانبوونەوە بەو دادگایە بدرێت، تاکو ئەگەر بڕیارێکی نایاساییان دەرکردبوو یان بارودۆخەکە گۆڕانکاری بەسەرداهات لە بڕیاری خۆی پاشگەزببێتەوە.

5- پێویستە سەرجەم هەڵبژاردنەکان لە کاتی خۆیدا ئەنجامبدرێن تاکو بۆشایی یاسایی دروستنەبێت و دامەزراوەکانی دەستووری ڕەوایەتیی خۆیان لەدەستنەدەن.

## سەرچاوەکان

یەکەم: کتێب


1- احمد سرحال، في القانون الدستوري و النظم السياسية، الطبعة الأولى، مجد المؤسسة الجامعية للدراسات و النشر و التوزيع، بيروت، 2002.

2- ايزايا بيولن، الحرية، ترجمة معين الامام، منشورات دار الكتاب، مسقط، 2015.

3- جاسم محمد حسين شنكالي، الحماية الدستورية و القضائية لحقوق الانسان دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، المركز القومي للاصدرات القانونية، القاهرة،2023.

4- حسين وحيد عبود العيساوي، الحقوق و الحريات السياسية في الدستور العراقي لسنة 2005 دراسة مقارنة، الطبعة الاولى، المركز العربي للنشر و التوزيع، القاهرة، 2018.

5- رحيل محمد غرايبة، الحقوق و الحريات السياسية في الشريعة الاسلامية، الطبعة الاولى، دار المنار للنشر و التوزيع، عمان، 2000.

6- سامى جمال الدين، النظم السياسية و القانون الدستوري، الطبعة الاولى، منشأه المعارف بالإسكندرية، 2005.

7- سهيل حسين الفتلاوي، موسوعة القانون الدولي 3 حقوق الانسان، الطبعة الثالثة، دار الثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2010.

8- عبدالحميد متولي، الوجيز في النظريات و النظم السياسية و مبادئها الدستورية، المكتب العربي الحديث، الاسكندرية، 2012.

9- عبدالغني بسيوني، نظرية الدولة في الاسلام، الدار الجامعية للنشر و التوزيع، بيروت، 1986.

10- عروبة جبار الخزرجي، القانون الدولي لحقوق الانسان، الطبعة الاولى، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2010.

11- عزمي بشارة، الانتقال الديمقراطي و اشكالياته ( دراسة نظرية و تطبيقية مقارنة )، الطبعة الاولى، المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، بيروت، 2020.

12- عصام علي الدبس، القانون الدستوري و النظم السياسية، الطبعة الاولى، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2014.

13- محمد الصوفي، الاليات الحكومية لحماية حقوق الانسان دوليا و اقليميا، منشورات معهد جنيف لحقوق الانسان، سويسرا، 2014.

14- محمد جمال مطلق الذنبيات، النظم السياسية و القانون الدستوري، الطبعة الاولى، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2003.

15- محمد رفعت عبدالوهاب، رقابة القضاء على دستورية القانون ( المبادىء النظرية و التطبيق الجوهرية ) دار الجامعة الجديدة ، الاسكندرية ، 2010.

16- منى كامل تركى، حقوق الانسان و حالة الطواري الاستثنائية في ظل جائحة فيروس كورونا كوفيد 19، الطبعة الاولى، دار النهضة العربية، مصر، 2021.

17- هاني علي الطهراوي، النظم السياسية و القانون الدستوري، الطبعة الرابعة، دارالثقافة للنشر و التوزيع، عمان، 2014.

18- هايل عبدالمولى طشطوش، مبادىء اساسية في العلوم السياسية، الطبعة الاولى، دار الكندي للنشر و التوزيع، اردن، 2007.

19- وائل منذر البياتي، ملامح العدالة الدستورية في ضوء النظام الداخلي الجديد للمحكمة الاتحادية العليا، الطبعة الاولى، مركز البيان للدراسات و التخطيط، بغداد، 2022.

20- وودرو ولسن، الحكومة الدستورية في الولايات المتحدة، ترجمة وديع الضبع، الطبعة الثانية، دارالنهوض للدراسات و النشر، مصر، 2018.

دووەم: دکتۆرانامە

1- جابر عواد فرحان، الحكم بعدم دستورية و أثره في حماية الحقوق و الحريات في مصر و العراق ، أطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الحقوق ، جامعة عين شمس، 2019.
2- صافى حمزة، دور الرقابة الدستورية في حماية الحقوق و الحريات السياسية في دول المغرب العربي، أطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة محمد خيضر سبكرة، 2020.
3- عبدالعزيز برقوق، دور الرقابة الدستورية في حماية الحريات العامة ( دراسة مقارنة ) اطروحة دكتوراه مقدمة الى كلية الحقوق، جامعة الجزائر 1 بن يوسف بن خدة، 2016.
4- عبدالوهاب شرقى، مساهمة القضاء الدستوري في تطوير نظرية الحقوق و الحريات الأساسية، أطروحة الدكتوراه مقدمة الى الكلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة محمد لمين دباغين- سطيف 2، 2021.

سێیەم : ماستەرنامە

1- سيف جاسم محمد مصلح، الانتخاب و الترشيح كحق من الحقوق السياسية للموظف العام، رسالة ماجستر مقدمة الى كلية الحقوق، جامعة الشرق الاوسط، عمان، 2017.
2- عروسي علي، الرقابة على الدستورية القوانين في التشريع الجزائري كضمانة لحماية الحقوق و الحريات، رسالة ماجستير، مقدمة الى كلية الحقوق و العلوم السياسية، جامعة احمد دراية أدار، 2016.

چوارەم: تویژینەوەی زانستی

1- إرواء فخري عبدالطيف، الحقوق السياسية للأكراد العراق في الدساتير الوطنية و الاتفاقيات الدولية، مجلة السياسية و الدولية، المجلد 1، العدد 17، 2010.
2- اسماعيل صعصاع البديري و أمين رحيم حميد، الحماية القضائية لحقوق الموظف السياسية دراسة مقارنة، مجلة اهل البيت، المجلد1، العدد 26، 2020.
3- اسماعيل صعصاع البديري، القيود الخاصة لممارسة الموظف العام لحقوقه السياسية، مجلة المحقق الحلي للعلوم القانونية و السياسية، العدد الثاني، السنة الثامنة، 2016.
4- اقبال مبدر نايف، حق الترشيح لمتعدد الجنسية لمجلس النواب، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد8، العدد 1، 2017.
5- إياد خلف محمد جويعد و م. إيمان عبيد كريم، الحماية التشريعية للحريات العامة، مجلة السياسية و الدولية، المجلد 1، العدد 23، 2013.
6- بيداء عبدالجواد، الحماية القضائية للحقوق السياسية في الشريعة الاسلامية و القانون الوضعي، مجلة الرافدين للحقوق، المجلد 14، العدد 50، السنة 16.
7- جواد كاظم محسن، المواطنة : الحقوق و الواجبات من منظور إسلامي، مجلة السياسية و الدولية، العدد 18، 2011.
8- خليل حميد عبدالحميد، مبدأ استقلال القضاء بين النظرية و التطبيق، مجلة كلية المأمون الجامعة، العدد 16، 2010.
9- دولة احمد عبدالله و بيداء عبدالجواد محمد توفيق، دور المحكمة الاتحادية في حماية حقوق الانسان فى العراق، مجلة الرافدين للحقوق ، المجلد 13، العدد 49، السنة 16

10- روافد محمد علي الطيار، ممارسة الحقوق السياسية في ضوء مشروع قانون التخلي عن الجنسية المكتسبة الاخرى، دراسة مقارنة، مجلة اهل البيت، العدد 23.
11- رينم مجيد حميد، الحقوق السياسية للمرأة العراقية، مجلة كلية التراث الجامعة، المجلد1 ، العدد 33 ( العدد خاص بوقائع المؤتمر السنوي الرابع عشر).
12- سليم عبدالكريم راضي السلامي، دور القضاء الدستوري في تنظيم الحياة السياسية، مجلة الكلية الاسلامية الجامعة، المجلد 2، العدد 65، 2022.
13- سهاد عبدالجمال عبدالكريم، تمكين المرأة من الحقوق السياسية، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية جامعة كركوك، المجلد 11، العدد 40، 2022.
14- سهى حميد سليم الجمعة و م. د. بيداء عبدالجواد العباسي، الكوتا النسائية في الانتخابات العراقية، مجلة دراسات اقليمية ، السنة 16، العدد 53، تموز 2020.
15- شورش حسن عمر و د. خاموش عمر عبدالله، دور المحكمة الاتحادية العليا العراقية في حماية حقوق المكونات، مجلة الكوفة للعلوم القانونية و السياسية، المجلد 1، العدد 48، 2021.
16- شورش حسن عمر و د. لطيف مصطفى امين، مدى دستورية تعديل قانون المحكمة الاتحادية العليا رقم 30 لسنة 2005، مجلة كلية الحقوق جامعة النهرين، المجلد 2003، العدد 3 تموز، 2021.
17- شيماء سعدون عزيز، ضمانات حقوق المرأة في التشريعات العراقية و المواثيق الدولية، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية للعلوم الانسانية ، المجلد 28، العدد الثاني، 2021.
18- صدام عبدالستار رشيد، قضية حقوق الانسان في العراق بين النص الدستوري و الواقع العملي و دور المنظمة الامم المتحدة فيها، مجلة المعهد العلمين للدراسات العليا، العدد1 ، 2020.
19- عبدالصمد رحيم كريم زنگنه، دور القاضي الدستوري في حماية حقوق و الحريات العامة، مجلة كلية القانون للعلوم القانونية و السياسية، كلية الكتاب/ الجامعة – كلية القانون.
20- عقيل محمد عبد و هديل هاني صيوان، الحريات الفكرية في دستور جمهورية العراق الدائم لسنة 2005 (دراسة في الضمانات القانونية و السياسية، مجلة دراسات تاريخية، المجلد 1 ، العدد19-20، 2015.
21- علي هادي الشكراوي و أ. م. د. فراس عبدالكريم شيعان و روافد محمد علي الطيار، التنظيم القانوني للحقوق السياسية لمتعددي الجنسية في دستوري العراقي لعام 2005( دراسة مقارنة ) مجلة رسالة الحقوق، المجلد 8، العدد 3، 2016.
22- علي يوسف الشكري، الدستور العراقي بين المطرقة الدكتاتورية و سندان الديمقراطية دراسة في حقوق و الحريات العامة، مجلة كلية الفقه، المجلد1، العدد 5، 2007.
23- لطيف عبدالحسين موسى، الحقوق السياسي للأقليات الدينية في الدساتير العراقية دراسة مقارنة مع الحقوق السياسية لأهل الذمة في الفكر الاسلامي، مجلة المثنى للعلوم الادارية و الاقتصادية، المجلد 5، العدد 1، 2015.
24- مثنى عباس عبدالكاظم المحمد، اليات الديمقراطية شبه المباشرة في الدستور العراقي النافذ، مجلة رسالة الحقوق، السنة 12، العدد3، 2020.
25- محمد يوسف محميد، الاطار الدستوري لتنسم المناصب السيادية و تعدد الجنسية، مجلة جامعة تكريت للحقوق ، السنة 5، المجلد 5، العدد 4، الجزء 2، 2021.
26- مها بهجت يونس و الباحث محمد حازم علي، رقابة القضاء الدستوري على مخالفة الاحكام الموضوعية المتعلقة بمبدأ المساواة في العملية الانتخابية، مجلة المستنصرية للدراسات العربية و الدولية، المجلد 17، العدد 70، 2020.

27- موفق صبري شوكت، الرقابة على دستورية القوانين أنواعها و راي الفقه فيها، مجلة كلية دجلة الجامعة دراسات قانونية، المجلد (5) العدد (1) كانون الثاني، 2022.
28- نجلاء مهدي محسن بحر، الدور السياسي لمجلس الدولة في العراق، مجلة القادسية للقانون و العلوم السياسية، المجلد 12، العدد 1، حزيران 2021.
29- وديع دخيل ابراهيم المحلاوي، الضمانات الدستورية للعملية الديمقراطية في العراق، مجلة جامعة تكريت للحقوق، السنة 4، المجلد 4، العدد 3، الجزء 2، 2020.
30- ياسر عطيوي عبود الزبيدي، المحكمة الاتحادية العليا العراقية و دورها في حماية نصوص الدستور دراسة مقارنة، مجلة العلوم الانسانية، كلية التربية- صفي الدين حلي، الجلد 1، العدد3، 2010.
31- يحيى قاسم علي سهل، الضمانات الدستورية في تعزيز استقلال القضاء، مجلة تهامة العدد الثاني عشر، ديسمبر

پینجەم: ڕێکەوتننامە نێودەوڵەتییەکان:
1- ڕێکەوتننامەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ 2004
2- ڕێکەوتننامەی ئەمریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ 1969
3- پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکانی ساڵی 1945.

شەشەم: دەستور
1- دەستوری عێراقی ساڵی 2005

## ملخص

الموضوع الذي تناولناه في هذه الدراسة هو الضمانات القضائية لحماية الحقوق السياسية، وقد استخدمنا فيه المنهج التحليلي. سنركز في هذه الدراسة على دور المحكمة الاتحادية العليا في العراق في حماية حقوقه السياسية، ولهذا الغرض سنقوم بتحليل القرارات الصادرة عن هذه المحكمة من الناحية القانونية، ومدى حيادها، وما إذا كانت هذه القرارات متوافقة مع القوانين والدساتير أو صدرت ضد القوانين والدساتير. وتسعى المحكمة الاتحادية العليا إلى حماية الحقوق السياسية من خلال مراقبة دستورية القوانين، وخاصة تلك المتعلقة بالحقوق السياسية. ومن أهم القرارات التي أصدرتها المحكمة قرار إلغاء قانون تمديد ولاية برلمان إقليم كوردستان وقرار حل مجالس محافظات إقليم كوردستان. ومن القرارات الأخرى للمحكمة عدم دستورية الاستفتاء الذي أجري في إقليم كوردستان بتاريخ 2017/9/25 والعديد من القرارات الأخرى التي أصدرتها لحماية الحقوق السياسية. لكي تلعب المحكمة الاتحادية العليا دورا فعالا ورئيسيا في حماية الحقوق السياسية لجميع الطوائف العراقية، يجب أن تعتمد على مبدأ استقلال المحاكم في قراراتها، ويجب أن يكون القضاة العاملون فيها مستقلين ويمارسوا عملهم بحيادية وعدم الانقياد لضغوطات الأطراف السياسية والإقليمية لاتخاذ القرارات وفق مصالحها. كما يجب على المحكمة أن تحافظ على التوازن القانوني والسياسي بين كافة الطوائف العراقية وعدم خلق أزمات سياسية وقانونية واجتماعية بسبب قراراتها.

الكلمات المفتاحية: الحقوق السياسية، المحكمة الاتحادية العليا، استقلال المحاكم، دستورية القوانين.